# فەرهەنگی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە

**رۆژان نوری[1] شادان شوکر صابر[2]**

[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (فەرهەنگی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا) یە، ئاماژەمان بەو وشانە کردووە، کە لە فەرهەنگی بەساڵاچووانی شاری کۆیەدا بەکارهاتوون، ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە، کە فەرهەنگ لە ناوەرۆکدا زانیاری زمانی و زانستی لەخۆیدا هەڵدەگرێت، زمانیش بە پێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و سەردەم زمانیش بەردەوام لە فراوانبوون و گۆڕاندایە و خۆی لەگەڵ هەر قۆناغێکی مێژووییدا دەگونجێنێت. بۆیە ئێمە هەست بەوە دەکەین کە زمانی کەسە بەساڵاچووەکان هەندێك وشە و دەستەواژە و دەربڕینی تێدایە کە جیاوازە لە زمانی کەسانی گەنج و تازە پێگەیشتوو، ئەم وشانە گرنگی مێژووییان هەیە و ڕەنگدانەوەی دابونەریت وکلتوری باب و باپیرانی ئێمەیە، بۆیە پێویستە تۆماربکرێن و لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێن. کارکردنەکەشمان، هەوڵدانە بۆ ئاشناکردنی تاکی کورد بە فەرهەنگی نەتەوەیی بۆ گەنجینەی وشەکانی خۆمان و پاراستنی ئاوەزمەندیی بیریی و ناساندنی ئەو وشە و دەستەواژانە بە نەوەی نوێ، کە ژمارەیەکی زۆر زانیاریان هەڵگرتووە. زمانی کوردی چەندین زار و شێوەزاری هەیە، کە لەهەر ناوچەیەکدا بە شێوازێك لە ڕووی ئاخاوتنەوە بەکاردێت، لەم توێژینەوەیەدا جیهانبینی بەساڵاچوان لە شێوەزاری کۆیەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە ڕوون دەکەینەوە، توێژینەوەکەمان کردووە بە دوو بەش : بەشی یەکەم، کە تیۆرییە تایبەتە بە پێناسە و چەمکی زار و شێوەزار و باسێکی گشتی فەرهەنگی زمان و لایەنی ئاوەزمەندیی و واتایی وشە ، بەشی دووەم، کە کارەکییە : ژمارەیەك وشەمان وەرگرتووە و لە ڕووی واتایی و وشەسازییەوە لێکمانداونەتەوە و شیکردنەوەمان بۆ کردوون، هەندێك لە وشەکان مردوون و بەکارهێنانیان نەماوە، بەڵام هەندێکی تریان لە ڕیزی وشەی سیستی زماندا دادەنرێن. هەندێکی تریان لە ئێستادا بە واتایەکی تر بەکاردێن، بە پێی پێویست باسی وشەی هەموو بوارەکانمان کردووە، وەك: بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەیی و کشتوکاڵ، جلوبەرگ وخشڵ، خواردن، یاری، ڕایەخ و خۆگەرم کردنەوە، هەروەها ئەو وشانەی کە تایبەت بوون بە دابونەریت و بۆنەی جۆراوجۆر.

**کلیلە وشە:** کۆیە، بەساڵاچووان، ،شێوەزار، گۆڕانی واتا، وشەی چالاك

## Abstract:

This study is entitled (The Elder Dictionary in Koya Accent). We have researched on the style, vocabulary and expressions of elderly people in Koya. We have pointed out the vocabulary words that they used. The paper also clarifies how this dictionary includes language and scientific information. Language would change with age due to the fact that language is a reflection of its era. Therefore, we understand that the language of old generation is different from the language of the young generation. Furthermore, the language of the previous generation is crucial to us and it is the reflection of our culture and civilization. This is why one must record it and not let it die out. Our goal is to share the knowledge and maintain our national identity with the hope of keeping out identity for good. This would introduce the vocabularies and expressions to the new generation. Kurdish language has some dialects and accents. They differ according to geographical areas. In this research, we will come to know the elderly people via their languages. The research consists of two parts; first, it is a theorical part, where we are going to describe language, dialect, accent and dictionary, the meaning of vocabularies, and the way to choose a special word by a Kurdish speaker. The second part is practical, where we have taken some vocabularies which are analyzed in terms of meaning and morphology. Some of the vocabularies died out and are no longer in use, while some others are in non-active vocabularies. Also, the meaning of some of them have changed during the time. We included various vocabularies from various areas such as; sociology, economy, agriculture, jewelry, food, game, heating, and many other areas that were special for various events.

**Keywords:** Elder Vocabulary, Kurdish Language, Koya Accent, Dialect

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen266

## 1. پێشەکی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (فەرهەنگی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا )یە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکی دایە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، تایبەتە بە وشە ناسیی (ئیتیمۆلۆجی) شێوەزاری کۆیە و ئامانجمان خستنە ڕووی ژمارەیەك وشە و زاراوە و دەستەواژەیە، کە لە لایەن بەساڵاچووانی ئەم شێوەزارە بەکاردێت. باسی دوو چین لە وشە دەکەین، وشەی ناچالاك (سست) واتە: ئەو وشانەی کە لە ئێستای زماندا، بەکارهێنانیان کەم بۆتەوە و بەرەو نەمان دەچن، لەگەڵ ئەو وشانەی کە (مردوون) واتە: لە ئێستای زماندا، لەلایەن قسەپێکەرانی کوردەوە بەکارهێنانیان نەماوە.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:** زمانی کوردی چەندین زار و شێوەزاری هەیە، لەهەر ناوچەیەك بە شێوازێك لە رووی ئاخاوتنەوە بەکاردێت، لەم توێژینەوەیەدا جیهانبینی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە ڕوون دەکەینەوە و کارکردنەکەشمان، هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی فەرهەنگیی نەتەوەیی بۆ گەنجینەی وشەکانی خۆمان، یان فەرهەنگی ئاوەزمەندیی تاکی کورد. چینی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا، هەندێك وشە بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بەخۆیان و چینی منداڵ و گەنج بەکاری ناهێنن، ئەم وشانە گرنگی مێژووییان هەیە و ژمارەیەکی زۆر زانیارییان هەڵگرتووە، بۆیە پێویستە تۆماربکرێن و لەفەوتان و لەناوچوون ڕزگاربکرێن .

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە

بەشی یەکەم :کە تیۆرییە تایبەتە بە پێناسە و چەمکی زار و شێوەزار و باسێکی گشتی فەرهەنگی زمان و لایەنی ئاوەزمەندیی و بیریی واتایی وشە و جیهانبینی قسەپێکەری کورد لە بەکارهێنانی وشە و زانیاری ڕێزمانی و واتایی وشەکان.

بەشی دووەم : کە کارەکییە، ژمارەیەك وشە و دەستەواژەمان لە سەرچاوە و زاری بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیە وەرگرتووە و لە ڕووی واتایی و وشەسازیی و دەنگسازییەوە، لێکمان داوەتەوە و شیکردنەوەمان بۆ کردوون .

## 2. بەشی یەکەم:

### ــ پێناسە و چەمکی زار و شێوەزار:

((زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات))، (فتاح، محمد معروف،١٩٩٠: ٥). بۆ هەر یەك لەو بارە جیاوازانە شێوازی تایبەتی بەکارهێنانی زمان هەیە و ئەو شێوازە زمانەی کە لای چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت جیاوازە لە چینێکی تری کۆمەڵایەتی، چونکە هەریەك لەو توێژانە ژینگە و دەوروبەری تایبەت بەخۆیان هەیە، کەواتە ئەگەر زمان نەبێت کۆمەڵیش نابێت، زمان و کۆمەڵ ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکترن، زار بەو جیاوازییانە دەگوترێت، کە لە نێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە. زمان جێگیر و لە قالب دراو و بێ گۆڕانکاری نییە، هەموو زمانەکانی جیهان زار و شێوەزاری جیاجیا دەگرنەخۆ. کاتێکیش زمان بەکارهێنراوی کۆمەڵێکە لە کۆمەڵێکی تر لەناو چوارچێوەی هەمان زماندا جیاوازی ئاشکرای هەبێت، ئەوا ئەو جیاوازییە پێی دەگوترێت زار (خورشید، غازی عەلی، 2012 : 24 ).

لە لایەن زمانەوانانەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە زاریان کۆڵیوەتەوە و پێناسەیان کردووە ((دیالێکت بەو شێوە زمانە دەوترێت، کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن))، (فتاح، محمد معروف ،١٩٩٠: 105)، ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕونان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە))، (سەعید، یوسف شەریف، 2011: 247). لە کتێبی (زار و شێوەزار)دا، بەم شێوەیە پێناسەی زار کراوە: ((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی سنووورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن))، (عەلی، بەکر عومەر و ئەمین، شێرکۆ حەمە، 2006 : 7)، (میراودەلی، کەمال، 2007: ٤٥) دەڵێت: ((دیالێکت شێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە، لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە قسەکردنی ناوچەیەك جیادەکاتەوە، یاخود کاتێ چینێکی تایبەتی بە شێوەیەکی وا دەدوێن، کە زۆر سیما و خاسیەتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە))، (ڕەفیق شوانی،2001: 66) دەڵێت: ((دیالێکت بریتییە لە شیوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر)). لەم پێناسانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن لە سنوری یەك زماندا، دەبێتە ناسنامەی ناسینەوەی قسەکەر. زمان سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، کەچی زار ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە کە لە زارەکاندا هەن. ((پەیوەندی نێوان زمان و زار، پەیوەندی بەش بە گشتە، بە واتایەکی تر زار بەشێکە لە زمان و زمانیش بریتییە لە کۆی چەند زارێك))، (دزەیی، عەبدوالواحید موشیر، 2011: 17). زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی زیندو لە کۆمەڵێک زار و شێوەزار پێکهاتووە (هەر زمانێك لە شێوەی چەند زارێکدا دەردەکەوێت، هیچ زمانێك بەبێ زار نییە، قسەپێکەران لە سنووری جوگرافی فراواندا بڵاودەبنەوە، بێگومان کات و شوێنیش کاریگەرییان لەسەر زمان دەبێت، بۆیە لێرەدا زارەکان سەر هەڵدەدەن)، (الخولی، محمد علی، ٢٠٠٠: 18). زارەکانیش چەند جۆرێکن وەك: زاری جوگرافی، زاری کۆمەڵایەتی، زاری پیشەیي ،...هتد، لە هەموو زمانانی جیهان لەپاڵ زاری سەرەکی شێوەزاریش دەبینرێت، دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دیاریان بکەین. هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تردا، شێوازێکی ئاخاوتنی جیای هەیە، بەجۆرێك هەندێ وشە و زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لە ناوچەیەکی تر بەکاربێت. بۆ نموونە لە ناوچەی هەولێر بە ڕەگەزی مێ پێش زەواج دەڵێن (کیژ)، بەڵام لە کۆیە پێی دەڵێن (کچ)...

### ــ باسێکی گشتی فەرهەنگی زمان:

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، (تەنیا کەرەستەی ناردن و وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا زمان بۆ هەر شوێنێك و دەقێك کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاك و کۆیە. هەروەها

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا © ٢٠١٩
١-٣ نیسانی ٢٠١٩

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen266

ڕەنگدانەوەی کولتوورو بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کلتوورو بەهایانەشە. زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لەژیانی کۆمەڵایەتییدا لە نزیکەوە گرێدراوی یەکتر بوون و دەبن)، (نۆردستنام، کریستین، 2009: 8).

زمان هەمیشە لە گەشە و گۆڕان دایە، بە تێپەڕبوونی کات، وشەکانی زمان گۆڕانیان بەسەرداد‌یت، وشەی کۆن لەناو دەچێت و وشەی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە، بەرادەیەک هەمیشە چینێک وشەی کۆچکردوو، بەچەند هۆکارێکی جیاواز لە زماندا دەبیندرێت. وشە و دەربڕینەکان، وشە و دەربڕینی نوێیان لێ دەکەوێتەوە، پێداویستییەکان وامان لێ دەکەن، ناوی نوێ و دەربڕینی نوێیان هەبێت، ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ ئێمە پێی دەدوێین هەمان ئەو زمانە نییە، کە لە قۆناغێکی دێرینی مانی کوردیدا بەکارهاتووە. گەشەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە واتا لە شتی بەرجەستەوە بۆ شتی ئەبستراکت دەگوازێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی پێشکەوتنی بیر و هۆشی مرۆڤەوە دەبێت، بۆنموونە: وشەی (شوشتنەوە) بۆ پاککردنەوە و شوشتنەوەی شتی بەرجەستە بەکاردەهات، بەڵام ئێستا دەوترێت: (شوشتنەوەی مێشك) ، یان پاککردنەوە کە سەرەتا بۆ شتی بەرجەستە بەکارهاتووە، ئێستا بۆ پاککردنەوەی دل و دەروون بەکاردێت ، هەروەها بەکارهێنانی وشە کۆنەکان بە واتایەکی نوێ، بۆ ئەو شت و کەلوپەلانەی کە هەستدەکرێت، بەهەمان ئەرك هەڵدەستن، هەرچەندە لە شێوە و قەبارەدا گۆڕاون، وەك وشەی (مەکۆ)، کە جاران جۆڵاکان بەکاریان دەهێنا ئێستا (مەکۆ) لە درومان بەکاردێت (دزەیی، 2011 ،200) ، کارتێکردنی زمانێکی نوێ یان دیالێکتێکی تری زمانەکە بەهۆی تێکەڵاوی قسەکەرانەوە، لێککەوتنی دوو زمان یان دوو زاری زمانێك دەبێتە هۆی خواستن و وەرگرتنی وشە، کە کار دەکاتە سەر هەموو ئاستەکانی زمانەکە و دەبێتە هۆی گۆڕان، هۆی جوگرافی کە ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی زاری جۆراوجۆردا، ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ داتاشینی وشە و دەنگ و ڕستە لە بۆتەی نموونەی پێشتردا، هەروەها ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ گەیاندنی واتا یان مەبەست بە ڕوونی ئاسایی و خێرایی و کورتی بەهۆی کەمترین وزەوە .

ئاخێوەرانی زمانی کوردی، هەست بەو جیاوازیانە دەکەن، لەنێوان چینی هەرە پیرو بە ساڵا چوو، چینی گەنج دا هەیە. چینی بەساڵاچوو هەندێ وشە بەکاردەهێنن، کە چینی هەرە گەنج بەکاری ناهێنن، بە پێچەوانەشەوە. لەم ڕوانگەیەوە تەمەن و ڕەگەز، ڕۆڵیان هەیە . منداڵ شێوازی دەربڕینی تایبەتی هەیە و ژنان بەهەمان شێوە، هەروەها بەساڵاچوانیش. لە شێوازی ئاخاوتنی مرۆڤی کوردیدا، ئەم جیاوازییە بە ڕونی دەردەکەوێت. گەر سەرنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تەمەن (70 ساڵ بەرەوژوور) بدرێت (بە تایبەت نەخوێندەوارەکان)، هەندێ زاراوەو دەربڕین دەبیسترێ کە لەلای گەنجێکی تەمەن (20 ساڵی)ی هەمان ڕەگەز نابیسترێتەوە (شەمس ،هێمن عبدولحەمید:2006 ،42) واتە بە شێوازێکی جیاواز قسە دەکەن. ( پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان دەروونی مرۆڤ و زمانەکەیدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمان وەك ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی)، (دزەیی ،عبدالواحید موشیر: 2014، 16).

زانایانی زمان لەبارەی پەرەسەندنی واتای وشەوە لەکاتی بەکارهێنانیدا لە قۆناغە زەمەنییە جیاوازەکاندا، گەیشتنە ئەنجامێك، ئەم گۆڕانە واتاییە لە سێ یاسادا دەنوێنرێت :

**1 ـ تەسکبوونەوەی واتا**

**2 ـ فراوانبوونی واتا**

**3 ـ گواستنەوەی واتا**

1 ـ تەسکبوونەوەی واتا: تایبەتمەندکردنی وشەیەکە، کە واتایەکی گشتی هەبووە، بۆ بوارێکی تەسك و تایبەتی، وشەی (الصلاة)، لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای (الدعاء) هاتووە، بەڵام دواتر لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا، تایبەت کراوە بە ئەرکێکی تایبەتی و تەسککراوەتەوە بۆ ئەو واتایە کە (نوێژە)، هەروەها وشەکانی (الركوع، السجود، الاذان) یش بەهەمان شێوە .

2 ـ فراوانبوون و گشتاندنی واتا: گواستنەوەی واتای وشەیەکە لە واتا فەرهەنگییەکەیەوە بۆ واتایەکی فراوانتر و گشتی تر، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دیاردەی فراوانبوونی واتا لە زمانەکاندا کەمتر بڵاوە بە بەراورد بە تەسکبوونەوەی واتا، وشەی (پاڵاوتە) لەسەرەتادا تایبەت بووە بە بوارێکی تایبەتی، ئێستا واتاکەی فراوانبووە، گواستراوەتەوە بۆ بواری زانستی کیمیا و بایۆلۆجیش، وشەی (سەرچاوە)، سەرەتا بۆ سەرچاوەی ئاو یان شتێك بەکارهاتووە، ئێستا واتاکەی فراوان بووە، لە بواری زانستیشدا بەکاردێت: (چەند سەرچاوەت بەکارهێناوە؟)

3 ـ گواستنەوەی واتا :بریتییە لە گواستنەوەی واتای وشەیەك لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، بە شێوەیەکی گشتی لەنێوان ئەو وشانەدا ڕوودەدات، کە پەیوەندییەکی واتایی لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە: ( < **قەدی دار** > < **قەدی کار**>) بەڵام هەندێکجار، گواستنەوەی واتایی لەنێوان ئەو وشانەشدا ڕوودەدات، کە پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا نییە ( محمد ،اسماعیل طالب :2010 ،51).

(زمان یارمەتیمان دەدات کە جیهانی دەوروبەرمان لە سیستەمێکی سیمانتیکدا ڕێکبخەین، بەیارمەتی زمان واتا دەخولقێندرێت، ئێمە دەتوانین لە فەرهەنگێکی زماندا بەدوای واتادا بگەڕێین، هەروەها لە فەرهەنگیشدا، مەرجی ڕێکخستنی واتاکان هەیە، پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ڕاستییەکانی ژیان گرفتاوییە، سۆسیۆلینگویستەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە زمان ئاوێنەی ڕاستییەکانی ژیانە، بەڵام چۆنیەتی تەماشاکردنی ئێمە بۆ ژیان لەلایەن زمانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەندێکجار شارەزایانی بواری سیمانتیك بە نیگەرانییەوە دەڵێن، ئەو مرۆڤانەی کە زمانی دایکیان جیاوازە تێگەیشتنیان لە ڕاستییەکانی ژیان زۆر جیاوازە)، (نۆردستنام، کریستین، 2009،11).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە هەرچەندە منداڵ کەرەستەو دەستەواژەکانی زمان، لە دایك و باوك و دەوروبەرییەوە وەردەگرێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم، گەنجینەی وشەکانی زمان گۆڕانیان بەسەردا دێت و منداڵ هەندێ وشەو زاراوەی نوێ وەردەگرێت کە پەیوەندی بەو دیاریدەوانەوە هەیە، کە لەسەردەمەکەی خۆیدا پەیدابوون وهاتوونەتەکایەوە ، هەندێ وشەی نوێیاو وەك (داتاشۆ، پۆپچی ،سناپ چات ،فەیسبوك ،ئینستاگرام، چات ،ئیمەیڵ ،تویتەر، فاستفود،پیزا ...هتد) کە ئێستا هاتوونەتە ناو فەرهەنگی چینی گەنج و تازەپێگەیشتوو، لەفەرهەنگی زمانی بەساڵاچوواندا نەبوون، بە پێچەوانەشەوە بەساڵاچووان چینێك وشەی وەك (پیرخەنی، ترخێنە، باراش،بن پشك ،گەورە بە بچووك ،ژن بەژن...هتد) یان بەکارهێناوە ،کە ئێستا لەلایەن چینی گەنجەوە بەکارهێنانیان زۆر کەم بۆتەوە یان هەر بەکارنایەن ، بۆی هەیە بەتێپەڕبوونی کات بچنە خانەی چینی وشەی کۆچکردوو و وازلێهێنراو، یان لەناوچووی زمانەوە ، ئەگەر لە چوارچێوەی فەرهەنگدا تۆمار نەکرێن ، هەبوونی چینێك وشەی وازلێهێنراو یان کۆچکردوو،یان مردوی زمان پەیوەندی بە کۆمەڵێك هۆکارەوە هەیە، وەك هۆکاری تێپەڕبوونی کات و مێژوویی ،هۆکاری کۆچکردن و جوگرافی ،هۆکاری کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی ((هەموو گۆڕانێك کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا، چەندەها بیر و چەمکی نوێ دەهێننە کایەوە کە پێویستیان بە دەربڕینە، هەربۆیە، زۆر زوو خۆیان لە زماندا

دەبینەوە، بەشێك لەو چەمكە نوێیانە لەسەر بناغەی كەرەسەی كوردی خۆی و بە پێی ڕێگاكانی وشەسازی، بنیات دەنرێن، بەشەكەی تریان بە ئامادەكراوی لە قالبی وشەدا، لە زمانی ترەوە دێنە ناو زمانی كوردییەوە )) (سدیق،2011 :50 ) بەڵام دەكەونە ژێركاریگەری یاسای فۆنەتیكی زمانی كوردییەوە ، لەبەرانبەر هاتنەكایەوەی ئەم چینە وشە نوێیاوەی زمان چینێكی تری وشە ورده ورده لە بەكارهێنان دەكەون و قسەپێكەرانی زمان چیتر پێویستیان پێیان نامێنێت، ئەم وشانە كە بەوشەی سست یان وازلێهێنرا و یاخود مردوو، ناودەبردرێن، بەكارهێنانیان لە چوارچێوەیەكی تەسكدا دەمێنێتەوە ،كە زیاتر چینی بەساڵاچووان، چونكە چینی گەنج و تازە پێگەیشتوو، خێراتر خۆیان لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەردەم و ئەو دیاردانە دەگونجێنن، كە تازە هاتوونەتە كایەوە ،بۆیە بە زوویی ناوەكانیان وەردەگرن و لە فەرهەنگی زمانەكەیاندا بەكاری دەهێنن، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دۆخەی زمان بكەین ، كە وشە كۆن و نوێیاوەكان لەسەرەتادا دەكەونە بەرانبەر یەكدی و ململانێوە، وشەی نوێ لەسەرەتادا، بەتایبەتی ئەگەر لەوانەبوو بواره واتاییەكەی بچێتە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەوە ،هەر وا بەئاسانی وەرناگیرێت و دوچاری گرفت دەبێتەوە ، چونكە وشە كۆنەكانی پێش ئەو بە ئاسانی ڕێگەی پێنادەن، بۆیە ماوە و كاتێكی زۆری دەوێت تا وشە نوێیەكە جێگای خۆی لە فەرهەنگی زمانی قسەپێكەراندا دەكاتەوە و دەبێتە ئەندامێك لە فەرهەنگی زمانەكەیان .زمان ڕەنگدانەوەی كات و سەردەم و كلتور و بیر و بۆچوونی قسەپێكەرەكانییەتی ،بۆیە كاتێك قسەپێكەرێكی كورد لە جێگای ئەوەی بڵێت: (سوپاست دەكەم) بڵێت (تەشەكورت دەكەم) گوێگر ،هەست بەوە دەكات كە ئەو كەسە لەچینی بەساڵاچوواندایە یان وەك ئەوان قسە دەكات، لەبەرئەوەی دەستەواژەی (تەشەكورت دەكەم) پێش دەستەواژەی (سوپاست دەكەم) لە زمانی كوردیدا بەكارهاتووە ، بەهەمان شێوە لە وەڵامدانەوەی چاك و چۆنیدا ، ئەم دەستەواژانە (خوا عافوت بكا ، ڕووت سپی بی ، جەرگت نەسوتێ ، بەداكی كوڕان بی ، در بەخەم نەبی ، ....هتد) زیاتر هی كەسێكی بەساڵاچووە،نەك گەنج و تازە پێگەیشتوو.

هەروەك چۆن وشە ئاساییەكان ڕەنگدانەوەی كات و باری كۆمەڵایەتی سەردەمەكەی خۆیانن، بەهەمان شێوە واتا خوازراو و میتافۆرییەكانی وشەش، ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەن، بۆنموونە: لەسەردەمی كۆندا میتافۆرەكانی (ڕێوی ــ بۆكەسێكی فێڵباز، سەگ ــ بۆكەسێكی زۆرزان، پشیلە ــ بۆكەسێكی سپڵە، كەر ــ بۆكەسێكی بێهۆش ، مانگا ــ بۆكەسێكی گەورە و زۆرخۆر، ئاش ــ بۆكەسێكی زۆرخۆر، تەقینەوەی بەروو ــ بۆ كەسێكی زۆر بڵێ، مار ــ بۆ دوژمن، دوپشك ــ بۆكەسی لە بن ...هتد) بەكارهاتوون ،چونكە ئەم دیاردانە لە دەوروبەردا هەبوون، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا میتافۆری (كۆمپیوتەر ــ بۆ كەسێكی زیرەك ) بەكاردێت (ئازاد كۆمپیوتەرە)، چونكە دیاردەی كۆمپیوتەر ئێستا لە زماندا ئامادەبوونی هەیە خۆی خزاندۆتە ناو فیلدێكی واتایی قسەپێكەرانی ئەمڕۆی زمانەوە .

جگە لە وشە، هەندێك ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەقیش هەن، كە زیاتر لەلایەن چینی بەساڵاچووانەوە بەكاردێن،بە بەراورد بە چینی گەنج و تازە پێگەیشتوو، كە ئەمەش دووبارە ڕەنگدانەوەی كلتور و بارودۆخ و سەردەمی جیاواز و ئەو دیاردانەیە كە لە كات و قۆناغی ئەواندا هەبوون ئێستا خەریكە كەمدەبنەوە و لەناو دەچن،بۆنموونە : (مەنجەربەكۆر، ئایشەگێدریژ، بێژنگ بەسەر، دێو و درنج، شەولەبان، دەستپێسپی ، ...هتد)، ئەگەر سەرنج بدەینە، لایەنی واتایی ئەم ئیدیۆمانەی سەرەوە ، تێبینی ئەوە دەكەین، كە پەیوەستن بە بیروبۆچوون و سەردەم و كەلوپەلو ئەو داب و نەریتانەی ئەو كاتە هەبوون، ئیدیۆمەكانی (مەنجەربەكۆر، ئایشەگێدریژ، شەولەبان) زیاتر بۆ ترساندنی منداڵان بەكارهاتوون، لە ئیدیۆمی (مەنجەربەكۆر) دا تێبینی ئەوە دەكەین،كە ئەو كاتە ژنان مەنجەڵیان بە كۆڵی خۆیان داداوە ،بۆ مەبەستی ئاوهێنان یان هەر مەبەستێكی تر بوو بێت، بە كۆڵان و دەرەوەدا ڕۆیشتوون، هەربۆیەش ئەو ئیدیۆمە كەوتۆتە ناو زمانەوە، هەروەها ئیدیۆمی (ئایشەگێدریژ)، لە وشەی گوێدرێژ و كەرەوە سەرچاوەی گرتووە، كە خەڵك وەك هۆكارێك بۆ گواستنەوە سودی لێوەرگرتووە، (شەولەبانیش)، بەواتای كەسێك دێت كە شەوانە لە بان بێت، كە لەو سەردەمەدا خەڵك لە وەرزی هاویناندا چۆتە سەربان نووستوە، نەك لەبەر پانكە و موبەریدە و سپلیت ،(دێو و درنج) لە بیركردنەوە و ئەفسانەی ئەو كاتەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، ئیدیۆمی (دەست و پێ سپیش)،پەیوەندی بە ئیشكردن و باری گوزەرانی ئەوكاتەوە هەیە، چونكە ئەوكاتە بژێوی ژیان زیاتر بەهۆی ڕەنجی شان و دەست و ماندووبوونەوە بووە، هیچ شتێك بە ئامادەكراوی نەهاتۆتە بەردەستی خەڵكی ،بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم ئیدیۆمانەش ورده ورده بەكارهێنانیان كەم بۆتەوە،بەپێی پێشكەوتن و ئاستی بیركردنەوە و زانیاری مرۆڤی ئەم سەردەمە وە هەیە، هەروەها پەندێكی وەك (ئاشی نەزانی خوا دەیگێڕێت) ،پەیوەندی بە دیاردەی ئاشەوە هەیە، كە خەڵك ئەو كاتە ڕۆژانە بەكاریانهێناوە، بۆیە ئەو پێكچوونەی نێوان ژیان و ئاش هاتۆتە كایەوە، لەلایەكی ترەوە ئەم پەندە بۆ سەردەمی ئێستا ناگونجێت، كە سەردەمی تەقینەوەی زانیاری و ئامێرە پێشكەوتووەكانی تەكنیكییە، پزیشكێك چۆن دەزانێت (سۆنار) بەكاربهێنێت، ئەگەر نەیخوێندبێت و فێرنەكرابێت و زانیاری تەواوی لەبارەیەوە نەبێت! لێرەدا،مەبەستمانە ئەو بۆچوونە دەربخەین، كە وشە ئاخاوتنەكانمان پەیوەستن بە ژیان و ئەو پێویستی و دیاردانەی كە لە دەوروبەرماندا هەن ، دیسانەوە بەشێك لە وشەی لەناوچوو،یان ئەوانەی كە بەكارهێنانیان كەمدەبێتەوە، پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە، كاتێك ئاینی ئیسلام لەناو كورددا بڵاو بۆتەوە ، چینێك وشەی سەربە ئاینەكانی پێشوو، بەكارهێنانیان كەمبۆتەوە و بەرە و لەناوچوون ڕۆیشتوون، لەبەرانبەردا، چینێك وشەی تری ئاینی كە پەیوەست بووە بە ئەرك و نزا و نوێژكردن و دوعاكردنی ئاینی ئیسلام هاتۆتە كایەوە، بۆ نموونە : (وشەی (تەرەس) وەك جنێوێك دەدرێت، ئەم وشەیە زۆر كۆنە و ڕێبەری ئاینی كۆنی كوردان بووە، دوای ئەوەی ئاینی ئیسلام لە كوردستان بڵاو بۆوە بەچاوی سوك سەیری ئەم ڕێبەرە ئاینییە دەكرا، بۆیە كە رقیان لە كەسێك دەبۆوە پێیان

(گرنگی وشە، وەك كەرستەی زمان وئامێری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەكان، شتێكی روون و ئاشكرایە. زمانەكارا و زیندووەكانی دونیا، هەمووی خاوەنی دەیان و سەدان فەرهەنگن لە بواره جۆراو جۆرەكانی چاندن، وێژە هونەر و زانستدا، هەر بوارێك لە مانەش دەیان لقی لێ جوێ دەبێتەوە، كە ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە و فەرهەنگی سەربەخۆ دەخوازن، هەرچەندە نەتەوەی كورد بە بارێكی ناهەمواردا تێپەڕبووە، بەڵام فەرهەنگنووسانی كورد توانیویانە كۆمەڵێك فەرهەنگ بەرهەم بهێنن، هەموو نەتەوەیەك هەوڵدەدا زۆرترین فەرهەنگ لەبارەی گشت لایەنەكانی ژیانەوە بنووسێت و دابنێت)، (تاهیر، شەهاب شێخ طیب 2014 : 188). لەم سەردەمەی ئێستاشدا، پێویستە دەستگاكانی ڕوناكبیری كورد بەشێوەیەكی ئەكادیمی و بابەتییانە بیر لە دانانی فەرهەنگی هەموو بوارەكان بكاتەوە.

ئێمە لەم لێكۆڵینەوەدا، هەوڵ دەدەین، ئەو وشانە بخەینەڕوو، كە لە فەرهەنگی چینی بە ساڵاچواندا هەن، لەگەڵ شیكردنەوەیان لە ڕووی واتا و جۆری دەربڕینەوە، چۆنیەتی گۆكردنیان و ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجیانەی كە بەسەریاندا هاتووە، هەروەها

سەردەمە مێژووییەکەی هەندێکیان بخەینەڕوو. بۆ ئەوەی شارەزایی لایەنە ئیتمۆلۆجییەکەی وشەکان بین و بتوانین گۆڕان و گەشەی زمانەکەمان ڕوون بکەینەوە. هەروەها مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تۆمارکردن و پاراستنی ئەو وشەو بیرانەیە، کە لە فەرهەنگی نەتەوەیی بۆ گەنجینەی وشەکانی خۆمان هەمانە، فەرهەنگی نەتەوەیی یان فەرهەنگیی ئاوەزیمان، هەزاران وشەی بەسوودی تێدا هەیە، کە لە هەریەك لەم وشانەدا، ئاوەز و عەقڵیەتی باب و باپیرانمانی تێدا هەڵگیراوە، بۆیە پێویستە گرنگی بەو وشانە بدەین و شیيان بکەینەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین، بۆ ئەوەی دونیا بینی و بیرکردنەوەی ئەو بەساڵاچووانە خۆیان وشەکانیان لەناو نەچن .

وشەکانی هەر زمانێك وەنەبێ تەنیا لە کۆمەڵێك وشە پێکهاتبن، بەڵکو بریتییە لە یاسا و دەستورێکی ورد و ئاشکرا و تەواو و دیاریکراو لە پەیوەندی و پەیوەستی ڕاست و ڕوداودا. (حاجی مارف، 1975 و4 )، سەختی و ئاڵۆزی پێکهاتەی وشە، کارێکی وای کردووە کە کارکردن بۆ دەستنیشانکردن و دەست خستنە لایەنە جیاواز و تایبەتییە هەمە چەشنەکانیشی، هەروا ئاسان نەبێت، بۆیە زمانەوانان لە پێناسەکردن و دیاریکردنی نیشانە و تایبەتییەکانی یەك ناگرنەوە و بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاوازەوە بەپیر ئەو مەسەلیە چوون و تا ئەمڕۆ زانستیانە و بەردەوام کاری تێدا دەکرێت.

سوسێر،دەڵێت: (وشە دانەیەکە بەردەوام لە مێشکدا، وەك شتێك سەنتەری ئامێری زمانی داگیرکردووە) ، هەروەها ڤینۆگرادۆڤ نووسیویەتی :( بە وشە ناو لە شتی کۆنکرێتی و چەمکی ئەبستراکتی دەنرێت، هەڵچوون و پەستبوون (ئیمۆشن) و ئیرادە و ئارەزووی مرۆڤ و کەتیگۆرییە گشتییەکانی پەیوەندییە ژیانییەکان دەردەبڕێت) ( سدیق، 2011 ، 12 ـ 14 )، (ترانکا دەڵێت : یەکەیەکە دەتوانین لە ڕێگای فۆنیمەوە درکی پێبکەین و ئەرکێکی واتایی هەیە. ستێڤن ئۆڵمان دەڵێت: بچووکترین دانەی سەربەخۆی واتادارە) (دزەیی: 2013 ،27 ) . پێناسەکردنی ڕاستی وشە تەنیا لەو بارودۆخەدا دەبێت، ئەگەر ڕەنگدانەوەیەکی سروشتی هەموو نیشانە بنەڕەتی و بنەمایەکی جیاکەرەوەی وشەی تێدا بێت کە بەس بن بۆئەوەی لەگەڵ دانە زمانەوانییەکانی تردا جیابکرێنەوە .

فەرهەنگی زمان تێکڕای وشەی زمانێك (نوسراو و نەنوسراو، گوتراو و نەگوتراو و ماو و زاڵ و ژێردەستە و چالاك) لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی جیهانی وشە فراوانە، گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت، هەتا وشەکانی گەشە و نەش و نما بکەن، ئەوا فەرهەنگەکەشی گەشە دەکات و زمانەکەش لە فەوتان و لەناوچوون دەپارێزرێت، زانینی زمانێکی دیاریکراو، کەوا هەزاران وشە لەخۆ دەگرێت، بە (گەنجی وشە) ناودەبردرێت، کە بەرانبەر بە لیستی وشە و واتاکانی ناو فەرهەنگ دەوەستێتەوە، دەکرێ فەرهەنگی مێشك بە دەزگایەکی گەورەی سنوردار بچوێندرێت، کە هەرگیز بە جێگیری نامێنێتەوە بەڵکو بەردەوام وشەی نوێ فێردەبێت و وشەی سواویش لەبیر دەکات (عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم:2014: 3).

لایەنێکی دیکەی گرنگی دان بە فەرهەنگی وشەی بە ساڵاچووان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانین لە ڕەگ و ڕیشەی وشە کۆن و مردووەکاندا، وشەی نوێ دروست بکەینەوە و واتای تازەیان پێ ببەخشین، یان بۆ واتایەکی تر بەکاریان بهێنین، واتە: لە بواری وشەسازیی و زاراوەسازیدا سودیان لێ وەربگرین و فەرهەنگی زمانەکەمانیان پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها لە ئاستی ڕستەسازییدا بزانین ئەم وشانە چۆن بەکارهاتوون، زانیاریی ڕێزمانی و واتاییان لە بارەیانەوە هەبێت، بۆیە هەوڵمان داوە، چەند نموونەیەك لە پەندو ئیدیەمی کەسە بە ساڵاچووەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەربگرین و لە ڕووی واتا و بیرەوە لێکدانەوەیان بۆ بکەین، لەبەرئەوەی گرنگی دان بە فەرهەنگی نەتەوەیی هەنگاوێکە بەرەو بەستانداردکردنی زمان.

باب و باپیرانی ئێمە هێیان بۆ شت و ڕووداو دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان داناوە، ئەمڕۆش هێیا بۆ هەموو ئەو وشەو دیاردانە دادەنرێت کە تازە دێنە ناو زمانەوە، دەشێ وشەیەك یان هێیایەك، لە ناو خەڵکدا بەکارهێنانی نەمینێت، بەڵام وشەکە لەناو ناچێت، دەوترێت دەنگ ئەو کەرستەیەیە کە لەناو ناچێت، هێزی وشە بەتەنیا لەم نەمرییەیدا نییە، بەڵکو لە واتاو ئاوەزمەندیی (عەقلیەتی) دانەرەکانیشی دایە، کە ئەجداد و نەوەکانی پێشوو و خۆشمانین. (ئاوەزمەندیی: واتە: ئەو بیرو عەقلیەتەی کە لە وشە و دەقەکاندا هەیە، ئەمەش ئاوەزمەندیی واتایی یە، ئاوەزمەندی زمانیی: پەیوەندی لۆژیکیە کە لە نێوان بەشەکانی وشەیەکدا یان ڕستەیەکدا هەیە )، ( www.knnc.net ).

کەسە بەساڵاچووەکان زۆر بە هۆشیارییەوە زمانیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە دەستەواژەی (**گەرموگوڕ**): گەرمی وزە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆیە بۆلایەنی ئیجابی واتا بەکارهاتووە. بەپێچەوانەی (**ساردوسڕییەوە**)، کە لەم کاتەدا پێویستت بەوەیە وزە بەکاربهێنیت، بەتایبەتی لەسەردەمی کۆندا، کە زستان ساردو سڕو توش بووە، ئامرازی خۆگەرم کردنەوە بەگران بەدەست کەوتووە، زمانیش پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، هەر ئەم کاریگەرییەی ساردی و سەرمابوونە، وەك ئیدیۆمیش لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە ، بۆیە لە بوار و بۆنەی کۆمەڵایەتیدا، بۆ بوارێکی نێگەتیڤ و کەسێکی بێ دەم و پل یان مرۆڤێك کە گرنگی بە شت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەدات بەکاردێت ، ئەو بیر و ئاوەزمەندییەی کە لەو وشەیەدا کۆبۆتەوە بریتییە لە :

گەرم و گوڕیی = < **+ وزە** > ، ( خوردنەکە پێشکەش بکەن، با سارد نەبێتەوە ) ، واتا میتافۆرییەکەی ، گەرم و گوڕیی = < **+ گرنگی پێدان**> ( پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین)، (پیرۆزباییەکی گەرمت ئاراستە دەکەم) ...هتد.

سارد و سڕیی = < **- وزە**> ، (**خواردنەکە ساردبۆتەوە**)، ( **بەکەڵکی خوردن نایەت**) ، واتا میتافۆرییەکەی، (**بە ساردی مامەڵەم لەگەڵدا دەکات**)، (**کەسێکی ساردە**) ...هتد.

فەرهەنگی بە ساڵاچووان ستراکچەر و دروستەی هەیە، هەروەها هزر و بیرکردنەوە لە پشت وشەکانیانەوە هەیە، بۆیە ئێمە لەبەشی دووەمدا، کۆمەڵێك وشە دەهێنینەوە و بە کارەکی شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکەین:

## 3. بەشی دووەم:

ئەم بەشە، تایبەتە بە لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکە، کە تێیدا، ژمارەیەك وشە دەهێنینەوە، کە لە فەرهەنگی بەساڵاچووان بەکاردێن، لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، لەگەڵ دەرخستنی ئەو گۆڕانە دەنگیی و مۆرفۆلۆجییانەی کە بەسەر وشەکاندا هاتوون، لەبەرئەوەی بەشێك لەو وشە وەرگیراوانەی کە لە زمانەکانی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و لەلایەن چینی بەساڵاچووانەوە بەکاردێن، دووچاری هەندێك گۆڕانکاریی دەنگیی و وشەیی بوونەتەوە، هەندێکجار وشەکان بۆ واتایەکی تر بەکاردێن، کە جیاوازە لەو واتایەی لە زمانە بنچینەییەکەدا هەیە ،تەنیا ئەو وشانەمان بە نموونە نەهێناوەتەوە کە لە کۆندا کەسە بەساڵاچووەکان بەکاریان هێناون و ئێستا بەکارهێنانیان نەماوە و بە وشەی مردوو دادەندرێن، بەڵکو نموونەمان بۆ ئەو وشانەش هێناوەتەوە، کە بە وشەی سست ناودەبردرێن، واتە لە ئێستای زماندا بەکارهێنانیان کەم بۆتەوە، بەڵام بەتەواوی لەناو نەچوون.

**- ناوی ئامێرو کەلوپەل:**

**ـ کەلوپەلی ڕوناکی و ئاگرکردنەوە:**

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen266

**بەردەئەستێ:** لەسەردەمی کۆندا، وەك هۆکارێك بۆ ئاگرکردنەوە بەکارهاتووە ، جۆرە بەردێکی تایبەت بووە، کە بە ئاسنێك لێیانداوە، جۆرە گیایەکی نەرمیش کە پێیان دەوت (قاویت) وەك لۆکە وابوو، بەرانبەری ڕاپان گرتووە، بەهۆی پرۆشکی ئاگری بەردەکەوە،گیاپووشەکە ئاگری دەگرت. ئەم وشەیە لە سەردەمێکی دێریندا، قسەپێکەرانی زمانی کوردی بەکاریان هێناوە. ئێستا بەکارهێنانی نەماوە، چونکە دیاردەکە خۆشی نەماوە، چەندین ئامێری دیکە شوێنیان گرتۆتەوە، هەر دیاردەیەکیش کە لەبەکارهێنان کەوت، ناوەکەشی یاخود ئەو وشەیەش کە دەربڕی دیاردەکەیە، لەلایەن قسەپێکەرانەوە بەکارهێنانی نامێنێت،چونکە دیاردە و وشەی تر شوێنی دەگرنەوە.

**شەپلَتە:** دارێك بووە پەڕۆیان تێ ئاڵاندووە، لە گاز یان نەوتیان هەڵکێشاوە، بۆ مەبەستی ڕووناککردنەوە. ئەم وشەیە لەلایەن قسەپێکەرانی ئەمڕۆی زمانەکەوە بەکارناهێندرێت، تەنیا لە ئیدیۆمدا بەکاردێت (فڵانەکەس شەپلَتە لێی داوە) واتە : لەڕو لاتە، چونکە ئەم دیاردەیەش ئێستا لە بەکارهێنان کەوتووە. **(ئەم وشەیە لە ڕیزی وشەی وازلێهێنراو یان سست و بەکارنەهێنراوی زماندایە)**

**چراوشکە (قەندیلە)** : لە قوتوەك دروستکراوە، بەدەست دروست دەکرا، فتیلەیەکیان لەناو دەناونەوتی ڕەشیان تێدەکرد، (**قەندیلەشیان** ) پێ وتووە.

**عەنەتریك (عەلەتریك):** ئەم وشەیە بە ساڵاچووان بەرانبەر بە وشەی (**لایت**) یان کارەبای ئێستا بەکاریان هێناوە، ئامێرێکی دەستییە، مۆریلەی تێدەکرێت و بە پاتری ئیش دەکات، وشەیەکی وەرگیراوە (خوازراوە) واتە:لە بنچینەدا کوردی ڕەسەن نییە، لە وشەی (**ئەلیکتریك، یان ئەلیکترۆن**)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەسەرداهاتووە، دەنگی ( ئە )گۆڕاوە بە دەنگی (ع)، دەنگی (**ل**)گۆڕاوە بە دەنگی (**ن**)، دەنگی (ك ) ی یەکەم لەناوچووە، وشەی (**عەنەترێك** ) تا ساڵانی نەوەدەکانیش لە شێوەزاری کۆیەدا بەکاردەهات، بەڵام ئێستا ئەم وشەیە بەکارهێنانی نەماوە یان زۆر کەم بۆتەوە، وشەی (**لایت**) شوێنی گرتۆتەوە.

**چەنخاخ:** ئاسنێکی خڕبووە دەسوڕا، بەردیان لەسەر دادەنا، پێ دەبوو، ئاگری دەدا، ئەم وشەیش لە کۆندا بەکاردەهات، لە ئێستای زماندا، بەکارهێنانی زۆر کەم بۆتەوە، یان هەر نەماوە.

**چەرخ:** بە نەوت ئیشی دەکرد، فتیلی تێدابوو، ئاگری دەدا، بەردە چەرخیان لەناودادەنا، ئەم وشەیە لە ئێستای زماندا بەکارهێنانی ماوە، بەڵام ئامێرەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

**شخاتە:** بۆ ئاگرکردنەوە بەکارهاتووە، چەند دارێکی باریکە، سەرەکەی کبریتی پێوەیە. ئەم وشەیە لە فەر هەنگی قسەپێکەرانی ئەمڕۆی شێوەزارەکە دا، بەکارهێنانی هەیە، بەڵام خەریکە، ئامێری چەرخی گاز، شوێنی دەگرێتەوە.

**فانۆس:** ئامێرێکی بچووکە، فتیلەی هەبووە، نەوتی تێکراوە. (لە ئەمڕۆی زماندا، بەکارهێنانی کەم بۆتەوە) .

**لالە:** ئامێرێکی بچووك بووە، شێوەی لە فانۆس جیاوازبووە، نەوتی تێکراوە و فتیلەی هەبووە،( لە ئەمڕۆی زماندا بە وشەیەکی سست دادەندرێت، بەکارهێنانی کەم بۆتەوە

. **لۆکس:** ئامێرێك بووە بۆ ڕوناکی لە فانۆس و لالە ڕوناکتر بووە، ئەم وشەیەش لە لایەن قسە پێکەرانی ئەمڕۆی زمانەوە بەکارهێنانی کەم بۆتەوە تا ساڵانی کۆتایی نەوەدەکانیش بەکارهێنانی هەبوو.

**مۆم:** لە مادەیەکی تایبەتی دروست دەکرێت، بۆ ڕوناککردنەوە بەکارهاتووە، لە ئێستای زماندا،زیاتر بە مەبەستی جوانکاری و بۆنە و جەژنی لەدایکبوون نەك بۆ مەبەستی ڕوناککردنەوە بەکاردەهێندرێت.

**سوورەیا** :جۆرە لالەیەکی گەورەیە، ڕووناکی زیاتری داوە، دیاردەی تر شوێنی گرتۆتەوە، بۆیە بەکارهێنانی وەك ئامێرێکی ڕوناککردنەوە،کەم بۆتەوە .

هەندێك ناو بۆ شوێنی دانانی ئەو کەرەستانە بەکاردەهێندرێن :

**چرادان:** ئەو شوێنەی چرای لێدانراوە پێیان گوتووە چرادان، بەزۆری تەختەدارێك بووە لە دیوار دراوە،وەك ڕەفەیەکی بچووك وابووە، چرای لەسەر دانراوە، بەهۆی دوکەڵی چراکەوە ڕەش و پیس بووە، ئەمە وەك ئیدیەمیش بەکاردێ دەوترێ: (کۆنە کەپوی دەرێی چرادانە، واتە کەپوی پیسە). لە کۆندا بەکارهاتووە و لە ئەمڕۆی زماندا بەکارهێنانی زۆر کەم بۆتەوە یان هەر نەی ماوە .

(**مۆمدان**) :شوێنی دانانی مۆم .

– **شوێنی دانانی کەلوپەل :**

((**خێدان:** تورەگەیەك بووە، بەدیواریانەوە دەکردو خوێیان تیدەکرد، ئێستا (خێدان) بە شوشەیەکی بچووك دەوترێت، کە خێی تیدەکرێت، ئەم وشەیە لە زاری سلێمانی و ستانداردا پێی دەوترێت (خوێدان) .

**کەندوو:** وەك دۆڵابێکی باریکی بەرزە، شێوەی لاکێشەی هەبووە لە قوڕ دروست دەکرا، دواتر لە تەنەکەو فافۆن دروست دەکرا، بۆ هەڵگرتنی زەخیرە، بەتایبەتی دانەوێڵە بەکاردەهات، ئێستا کەندوو لە شێوەی نیوەبەرمیلێکە نانی تێدەکەن

**هەنبانە:** بە (هەمبانە) ش گۆ دەکرێت، لە پێستەی ئاژەڵ دروستکراوە دوای وشککردنەوەی پێستەکە ، ساوار و زەخیرەی تێدا هەڵدەگیرا. لە ئێستای زماندا، بە وشەیەکی سست دادەندرێت، تەنیا لەناو فەرهەنگدا بوونی هەیە، بەڵام وەك دیاردە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارناهێندرێت، بۆیە ناوەکەشی وردە وردە بەرەو سستی و مردن دەڕوات.

**نادێن** : شوێنێك بووە بۆ هەڵگرتنی نان و دانانی هەندێ شتی تر و هەندێجار لێنانی چێشتیش، ئەم وشەیە ئێستا لەشێوەزاری کۆیەدا بەکارناهێندرێت،چونکە شوێنی دانانی نان ئێستا گۆڕاوە و بۆ چێشتخانەش ، وشەی مەتبەخ بەکاردێت.

**کادین (کادێن):**شوێنی هەڵگرتنی کایە. بەکارهێنانی کەم بۆتەوە، تەنیا ئەگەر لە لادێکاندا بەکاربهێندرێت.

(**هەرزارە:** ئامێرێك بووە بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل و زەخیرە بەکارهاتووە، لە قوڕ دروستکراوە، لەجێگای کەوەنتەری ئێستا بەکارهاتووە، ئەم دیاردەیە ئێستا وەك کەرەسەیەك بەکارناهێندرێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆیە وشەکەش بەکارناهێندرێت.

**هێرەگدان** :جێی قاپ وقاچاخە و بە هێرەگ و تەختە دروست دەکرێت، لە ئێستادا بە وشەیەکی سست دادەندرێت، بەکارهێنانی زۆر کەمە یان هەر نییەتی، چونکە ئێستا ئەو ئامێرە بەکارناهێندرێت.

**سندوق** : ئامێرێك بووە لە دار دروستکراوە ، وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی جوانی تێدا بووە، بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ و شتی تر بەکارهاتووە . لە ئێستادا بەکارهێنانی هەیە،بەڵام شێوەکەی گۆڕاوە .

**یەغدان:** جۆرە ئامێرێك بووە،بۆ جل هەڵگرتن و کەلوپەل بەکار هاتووە ، ئەم وشەیەش ئێستا بەکارناهێندرێت، یان بە وشەیەکی سست دادهندرێت .

**کەنتۆر:** جلوبەرگی تێدا هەڵگیراوە، لە ئێستادا بەکاردەهێندرێت و وشەیەکی چالاکە

**بوخچە:** پارچە پەڕۆیەك بووە، بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ بەکاردەهات، هەروەها دەبردرا بۆ حەمامی ژنانیش **(بەخچەی نەکراوە : واتە ژنی نەهێناوە یان شووی نەکردووە).**

لە ئەمڕۆی زماندا بە وشەیەکی سست دادەندرێت. چونکە کەرەسەی تر شوێنی گرتۆتەوە .

**تەختەبەند**،( جێگای خەوتن، لە ئێستادا شێوەکەی گۆڕاوە). **چیغ** :( لە دار دروست کراوە، بۆ چوار دەوری جێگای نوستن و شوێنی تر بەکارهاتووە، ئەم وشەیەش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەم شێوەزارەدا بەکارهێنانی زۆر کەمە یان هەر نیەتی).
**بەرچیخ** : (دارێکی قایمی ئەستوور بووە ، کە لە چواردەوری چیغ دانراوە، بۆ ڕاگرتنی چیغەکە).

**ناوی شوێنی خۆشوشتن :**

ـ **قولەتێن:** کانی یان حەوز بووە، سەریان گرتووە، نوێژیان لێ کردووە، لە ئێستای زماندا بەکارهێنانی کەم بۆتەوە،یان هەر نەیماوە، بە وشەیەکی بەکارنەهێنراو لە ژیانی ڕۆژانەدا دادەندرێت.

ـ **کانی**، **حەمامۆك**، حەمامی دەرەوە، حەمامی پیسکان، بیرۆکە (بیر بووە، سەری گیراوە، ژن دەچوون خۆیان لێ دەشوشت و دەستنوێژیان لێ هەڵدەگرت).

**هەندێ کەلوپەلی تایبەت بە حەمام ،کە بەکارهاتوون :**

**جوڕنە:** حەوزێکی بچووك بووە لە حەمام بەکارهاتووە، لە جێگای تەشتی ئێستا، **لیفکە:(** ژنان لە خوری و گونیە دروستیان کردووە، بۆ خۆشۆردن بەکارهاتووە)، **بەردی پێ:(** بۆ خاوێنکردنەوە و لووسکردنی پاژنە پێ بەکارهاتووە)،
**پەشتەماری سۆر: (**لەکاتی خۆشوشتن لە حەمامی دەرەوە خۆیان پێ داپۆشیوە) ،
**سەرشۆرك:** لە ژووریماڵەوە، بۆ خۆشوشتن دروستکراوە ، لە جێگای حەمام بەکارهاتووە، **بەردی حەمام:** جێگایەکی گەرم بووە لە حەمام لەهەمووجێگاکان گەرم تربووە، بۆ نەخۆشی بەکارهاتووە.
**عەمباری ئاو:** جێگایەك بووە لە حەمام ئاوی تێکراوە ،
**حەمامی بۆیلەر:** حەمامێك بووە بە دار یان کەرەسەی دیکە گەرم کراوە، ناو حەمامەکە زۆر گەرم بووە.

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی چێشت :**

((**لەگەن**:( قاپی گەورەی فافۆن یان ئاسنجاو، چێشتی تێدا دەخورا، لەم شێوەزارەدا، ئێستا وشەی (قاپ) بەکاردێت)، **دەوری**:( قاپێکی ئاسنجاو بوو ، شلەی نیسك و ساوار و ماش و ئەو جۆرە شتانەی تێکراوە، بە وشەیەکی سست دادەندرێت ، بەکارهێنی زۆر کەم بۆتەوە) ، **سەحەن:** (جۆرە قاپێك بووە، بە وشەیەکی سست دادەندرێت)، **عاجەت**:( لە وشەی (**حاجة** ) ی عەرەبییەوە هاتووە، دەنگی (**ح**) گۆڕاوە بە دەنگی (**ع**) ،بە وشەیەکی سست دادەندرێت)، **ئاسنجاو**:( قاپ و قاچاخ بووە لە مادەی سفر دروست کراوە، بە وشەیەکی سست دادەندرێ)، **هیربار**:( ئەم وشەیەش، بەرانبەر بە قاپ وقاچاخ بەکارهاتووە، ئێستا بەکارهێنانی کەم بۆتەوە) ، **شکەلکە (ئەشکەلك)**: لەگەنێکی قوپاوەی کۆنە: پەڕیتەوە بۆ ئیدیۆم (**دەم شکەلکە**) لە ڕووی بیرەوە، ئەم ئیدیۆمە بۆیە دروست بووە، دەمێکی خوار و گەورە، بە لەگەنیکی قوپاوەی کۆن چوێنراوە، ئەم وشەیە تەنیا لە ئیدیۆمدا، بەکاردەهێندرێت.
**قاپلەمە، مەنجەڵ، مراك: کەوچك ، پراوپارێو**: بۆ پاڵاوتنی برنج و شتی تر بەکارهاتووە، لە ئێستای زماندا بەکاردەهێندرێت، **سووژدی**: کاسەیەکی کون کونە بۆ پاڵاوتن و شت تێکردن بەکارهاتووە، لە ئێستای زماندا بەکاردەهێندرێت.
**هیزە، دەرخۆنە:** بۆ هەڵگرتنی ڕۆن بەکارهاتووە (هیزە بە دەرخۆنە) ،

**جۆنی:** بۆ کوتانی دانەوێلە، گەنم و جۆ بەکارهاتووە، ئێستا ئامێری تر بۆ ئەم مەبەستە پەیدابووە، بۆیە بەکارهێنانی وشەکەش کەم بۆتەوە ،لەهەندێ بارو دۆخی تایبەتدا نەبێت هەر بەکارناهێندرێت .

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی ئاو :**

**مەتارە:** قوتەیەکی بچووك بوو، لە فافۆن دروست دەکرا، لباد یان گونیەیان پێوە دەدرویی و ئاویان تێ دەکرد، ئەم لباد یان گونیەیە، نەیدەهێشت ئاوەکە گەرم بێت، ئێستا ئامێری دیکە بۆ ئەم مەبەستە پەیدابووە، بەڵام وشەی (مەتارە)ش، لە ئەمڕۆی زماندا بۆ قوتوی نایلۆن نەك فافۆن بەکاردێت، کە بەزۆری منداڵ لەگەڵ خۆیاندا بۆ قوتابخانە دەیبەن.

**کوپە:** بۆ ئاو بەکارهاتووە، شێوەیەکی جوانی خڕی هەبووە، لە گڵی سورکراوە دروست کراوە، هەندێکجار بۆ جوانی باڕێزەیان لە چواردەوری چاندووە ، هەرچەندە ئامێری تر بۆ ساردکردنی ئاو پەیدابووە، بەڵام کوپە، ئێستاش لەلایەن هەندێ کەسەوە بەکاردەهێندرێت .

**سوراحی** ، **دۆلکە** :بۆ ئاوخواردنەوە بەکارهاتوون .

**کوندە و کوندەران:** ئامێرێك بووە، لە پێستە دروستکراوە، ئاوی تێدەکرا، ئەو شوێنەی کە لێی هەڵدەگیرا، لە قوڕ دروستکراوە، سەری بە قەمیش گیراوە و ژێرەوەشی بۆش بووە، بۆ ئەوەی هەوا بچێتە ژێرەوەی تا ئاوەکە سارد بێت، دەشیان بردە سەراوێ ئاوی تێدەکرا و دەیانهێنایەوە ماڵەوە، ئەو شوێنەی کە کوندەی لێ هەڵدەگیرا، پێی وتراوە (**کوندەران** ) لە ئێستادا، قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارە وەك پێویستییەکی ڕۆژانە ئەم وشەیە بەکارناهێنن، بۆیە ئەم وشەیە تەنیا لە فەرهەنگ و بەکارهێنانی ئیدیۆمدا ماوەتەوە (**بنە کوندە)** بۆ کەسێکی باڵاکورتی قەڵەوی وەك ئیدیۆم بەکاردەهێندرێت.

**مەشکە:** جۆرە ئامێرێك بووە، لە پێستە دروست کراوە، دوای خۆشەکردنی، بۆ دروستکردن و ڕاژاندنی دۆ بەکارهاتووە، ئەم وشەیەش لە سەردەمێکی کۆندا بەکارهاتووە، ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی فەرهەنگ و هۆنراوەی فۆلکلۆری و پەندو ئیدیۆمدا پارێزراوە.

**تەقیلە:** جامێکی بچووکی سفر یان فافۆن بووە، ئەم وشەیە لە ئێستادا تەنیا لەلایەن چینی بەساڵاچووانەوە بەکاردەهێندرێت ،چینی گەنج و تازەپێگەیشتوو بەکاری ناهێنن.

**جام، (جامیلکە)** :قاپێکی فافۆن بووە، بۆ ئاو خواردنەوە بەکاردەهات، جامیلکە، جامێکی بچووك بووە، لە ئێستای زماندا بەکارهێنانی هەیەو وشەیەکی چالاکە .

**کۆتك**: کاسەیەکە لە دار لە دار دروست دەکرا، دۆ و ئاوی تێدەکرا، لەکاتی دروێنە کردندا سەپان دۆیان تێدا دەخواردەوە،چەند سەپان بوونایە ئەوەندە کەوچکە دارەی تێدەکرا، هەریەکەی بە کەوچکی خۆی دۆیەکەی دەخواردەوە، هەندێکجار بۆ پێوانەش بەکاردەهات، (وەك پێوانەی قەرزکردنی زەخیرە)، زیاتر لە جامی فافۆن بەرگەی گەرمای دەگرت، ئەم وشەیە لە ئێستای زماندا لەلایەن چینی بەساڵاچووان و بەشێك لە چینی گەنجیش بەکاردێت.

**ئاوی شەوی، دۆی شەوی:** ئەو ئاوەیە کە بە ئێواران لە کوندە دەکرا و لەسەر کوندەران دادەنرا و بەیانیان سارد دەبوو، بۆ خواردنەوە بەکاردەهات. (**دۆی شەوی**) ئەو دۆیەیە کە لە تازیلە دەمایەوە، بۆ ڕۆژی دواتر زۆر ترش دەبوو، وەك ئیدیەمیش بەکارهاتووە (**دەم وچاوی دەرێی دۆی شەوییە**)،واتە (ترشە )، **مراکی دۆ:** لە دار دروستدەکرا، بۆ دۆ خواردنەوە بەکارهاتووە، ئەم وشەیە تەنیا بەساڵاچووان ، لە پەند و ئیدیۆمدا بەکاری دەهێنن ،بەڵام وشەی (دۆ) لەئێستای زماندا بەکارهێنانی ماوە، وەك خواردنەوەش بەکاردێت،بەڵام ئامێری تر جگە لە مەشکە بۆ دروستکردنی دۆ هاتۆتەکایەوە (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە) .

**دێمکە:** کوندەیەکی بچووك بووە، لە شێوەی جانتا دەچوو، سەرەکەی دەسکێکی هەبوو، بە دەستیانەوە گرتووە، ئاویان بۆ سەر بێستان و باخچە پێ دەبرد، لە ژێر

سێبەر هەلیان دەواسی بۆ ئەوەی گەرم نەبێت.ئەم وشەیە لە پەند و ئیدیۆمدا بەکارهێنانی ماوە، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بە وشەیەکی چالاك داناندرێت و بەکارناهێندرێت (**دەڵێی دێمکەیە بە شانمەوە**) بە کەسێك دەوترێت، کە ئەرکی بەسەر خەڵکی ترەوە هەبێت.

**حەوزی ئاو:** ماڵەکانی کۆیە حەوزی ئاویان لە حەوشە دروست دەکرد، ئاویان تێدا گڵ دەدایەوە و ئاوەکەشیان بەکاردەهێنا، ئەم وشەیە ئێستاش بەکاردەهێندرێت و بە وشەیەکی چالاك دادەندرێت، بەڵام چۆتە ناوبەکارهێنانی تریشەوە، وەك : حەوزی ماسی.

**مەرکانە:** بۆ هەڵگرتنی ئاو بەکاردەهات، لە ئێستای زماندا بەکارهێنانی کەمە بە واتای خۆی، بەڵام بەواتای تر وەك کەرەسەی جوانکاری و گوڵچاندن بەکاردێت.

**گۆسکە (گۆزە):** کەرە و ڕۆن وقاورمە و ئەوجۆرە شتانەی تێ کراوە، هەروەها ئاویشی تێکراوە، ئەم وشەیە لە ئێستای زماندا بەکاردێت، بەڵام بۆ ئەرکە سەرەکیەکی خۆی نا ، بەڵکو بۆ واتای جوانکاری و گوڵچاندن، زیاتر بەکاردێت، نەك ئامێرێك بێت کە کەرە و ڕۆن و قاورمەی تێدا هەڵبگیرێت.

((**جەڕە:** لە گۆزە گەورەتر بووە، نزیکەی تەنەکە ئاوێکی گرتووە، بە وشەیەکی سست دادەندرێت، ئەگەر واتای وشەکە بۆ چینی گەنج ڕوون نەکەیتەوە تێی ناگەن .

**شەربە:** گۆزەیەك بووە لە گڵی سورکراوە دروست کراوە، لە کوپە بچوکتر بووە، بۆ ئاو خواردنەوە بەکارهاتووە، لە ئێستای زماندا بەکارهێنانی هەیە.

**مەسینە و دەست شۆر** :دەستشۆر: قاپێکی گەورەبوو، قاپێکی تریشی لەسەر بووە،کە کون کون بوو، ئاوەکەی دەچووە ژێرەوە، بۆ دەست شووشتن بەکارهاتووە، بۆ میوان دەیان بردە ژوورەوە، تا پێش و دوای نانخواردن دەستی لەبەر بشوات، ئەم وشەیە ئێستا بەکارناهێندرێت، تەنیا وەك ئامێرێکی کەلەپوریی مانەوەی هەیە، بەڵام وشەی (مەسینە) بەتەنیا ،تا ئێستاش بەکاردێت.وشەی (مەغسەل) کە وشەیەکی عەرەبییە شوێنی گرتۆتەوە .

**تازیلە** پێستەیەکی خۆشکراو بوو، بۆ هەڵگرتنی دۆ لە ماڵەوە یان گواستنەوەی بۆ شوێنی کار، بۆئەوەی سەپان نان و دۆ بخۆن بە تایبەتی لە ژەمی نیوەڕۆیاندا ))، (حمدامین، نەجات، 18/ 10/ 2018)، ئەم وشەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەم شێوە زارەدا، ئێستا بەکارنایەت.

**گوم گومە:** جۆرە ئامێرێکە ئاوی بۆ مردوو تێکراوە، بە وشەیەکی مردوو دادەندرێت لە ئێستای زماندا بەکارناهێندرێت ،لەم شێوەزارەدا.

**تەشت، تەشتۆکە** :تەشتی بچووك ، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەم شێوەزارەدا بەکاردێت و وشەیەکی چالاکە.

( **قۆقیلە:** قاپێکی بچووك یان پەرداخێکی بچووکی فافۆن بووە، قوڕفەیەکی هەبووە ))، (صڵێوە، هاوژین: 15/ 10/ 2018).

((**لولکە:** کوندەیەکی بچووکە بۆ منداڵان دروست دەکرا، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بکرێتەوە، سەرەکەی لە جێگای ئەوەی ببەسترێ قامیشیان تێ دەخست))، (ئەحمەد، کەیفی ، 16/ 10/ 2018 ) بە وشەیەکی مردوو دادەندرێت، تەنیا چینی بەساڵاچووان لە واتاکەی تێدەگەن.

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی نانکردن و ئیشکردن:**

**خوانە:** (ئامرازی نان کردنە، شێوەیەکی بازنەیی هەیە، لە ژێرەوە سێ پێچکەی هەیە، سەرەتا ژن بۆخۆیان لە گەچ دروستیان دەکرد، دواتر لە داریش دروست کراوە، نانی لەسەر پانکراوەتەوە )، **(ماوە ــ ڕفێدە) :** (ئەو پارچە پەڕۆیەیە کە نانی پانکراوەی دەخرێتە سەر بۆ سەر ساجەکە )، **تیرۆك:** (دارێکی باریك بووە لە شتێوەی تیرێکی باریك، نانی پێ پانکراوەتەوە) ، **سێڕ:** (پارچە ئاسنێکە بەسەر ئاگر دادەرێت، بۆ برژاندنی نانەکە ، **ئارد:** گەنمی هاڕدراو) ، **تلیانە:** (بۆ هەڵگرتنی نان بەکارهاتووە، بەشێوەیەکی بازنەیی لە دار دروستکراوە، هەروەها جۆرێك تلیانە بۆ نان تەڕکردنیش بەکارهاتووە، لە ئەمڕۆی زماندا ئەم وشەیە بەکاردەهێندرێت )، **کەور:** (پارچە پەڕۆیەك بووە لەکاتی نانکردندا، ئاردو ئەنگوتکی لەسەر دادەندرا، لە بنچینەدا لە پێستەی ئاژەڵ دروست دەکرا، دوای خۆشەکردنی، بەڵام لە ئێستادا بەو پارچە دەگوترێ کە لە کاتی نانکردندا ئاردی پێنکە و ئەنگوتکی لەسەر دادەندرێ).**پەینکە، پێنکە:** (ئاردێکە لەکاتی نانکردندا ئەنگوتکەکانی پێ لە ئارد هەڵدەکێشرێ. هەروەها کەور، بۆ هەڵگرتنی توتن و خوێ و ترشە سماق و ئەو جۆرە شتانە بەکارهاتووە)، **تەندور:** (لە قوڕ دروست کراوە، شێوەیەکی لوولەیی هەبووە، کولێرە و نانی تێدا دروست کراوە )، **بەرانپیل:** (پارچە پەڕۆیەکە بوو لەکاتی ئیشکردندا، ژن بەشان و پیلیاندا دەدا، بۆ ئەوەی لەشیان پیس نەبێت و زۆرجار شتیشیان تێدا کۆکردۆتەوە، وەك کەنگر و کاردی )...هتد

ـ ناوبرێشك : بنچینەی وشەکە ( نانبرژێنك ــ نانبرێژك)ە، ڕەگی چاوگی (برژان)، (برژێن – برژێ) یە.

( نان +برژێن + ك = نانبرژێنك ) .

نانبرژێنك ـــــ ناوبرژێنك ـــــــ ناوبرێشك . ئەم وشەیە چەند گۆڕانێکی دەنگیی بەسەرداهاتووە ، دەنگی (ن) لە وشەی (نان) بووە بە (و) :نان ـــــ ناو، (برژێك) ــ برێشك، دەنگی (ژ) گۆڕاوە بە دەنگی (ش)، دەنگی (ژ) و (ێ) شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕبووە.

**سەرەویلك:** پارچە پەڕۆیەکی گەورەیە، لە چەند پارچە پەڕۆیەکی بچوك و ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووە، کە بەسەر هەویر و نان دادەرێت. ئەم وشەیە چەند گۆڕانێکی دەنگسازی بەسەرداهاتووە، وا پێ دەچێ لە بنچینەدا (**سەرهەویرك**) بووبێت، دەنگی[ هـ ] لەناوچووە، دەنگی [ ر] گۆڕاوە بۆ دەنگی [ **ل** ] .

**سەرهەویرك ـــــــــ سەرەویلك** .

**ناوی تایبەت بە پیشە و کەلوپەلی کشتوکاڵو جووتکردن:** پیشە یەکێکە لە هۆکارە گرینگەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمان پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە جۆری پیشە، بەپێی چینی کۆمەڵایەتی و کات و سەردەم گۆڕانی بەسەرداديێت، لە پاڵ ئەمەشدا شێوازی ئاخاوتنی پیشەوەران و ئەو وشە و دەستەواژانەش، کە بەکاریدەهێنێن دەگۆڕێت. بۆ نموونە: پیشەی پزیشکی میللی لەسەردەمی کۆندا، کە لەشێوە ئاخاوتنی کۆیەدا، (**تەبابە**):ی پێ وتراوە، ناکرێ بەو ژمارە زاراوە کەم و سادەیەی کە ئەوکاتە هەبووە، پێویستییەکانی پیشەی پزیشکی ئەم سەردەمەی پێ پڕبکرێتەوە (عبداللە، ڕۆژان نوری ـ صابر، شادان شوکر : 2017، 44). **بانگوشی:** (بانگوش، بەو کەسە وتراوە کە لە وەرزی زستان، بە پارە بانی قوڕی بە باگوردان پەستاوەتەوە، تا دڵۆپە نەکات) **حەسحەسی:** (حەسحەس، لە شاری کۆیە بۆ پاراستنی دوکانەکانی قەیسەری، لە دز و جەردە، شەوانە حەسحەس لە بری پۆلیس لە قەیسەری و بازاڕ و شەقامەکان دەگەڕاون و چاودێری دوکانەکانیان دەکرد و مانگانە بڕێك پارەیان لە خاوەن دوکانەکان کۆدەکردەوە) **گاسن، هەوجاڕ، کورتان، تێڕك، تێڕکە، بژارکۆر، ڕپس، گوریس، ناڵ** (ناڵ: پارچە ئاسنێکە لەژێرپێی ئەسپ دەدرێت، لەشێوەزاری کۆیەدا بە (**نار)** گۆدەکرێت) **داس، داسولکە، بیور، تەورداس، تەشوێ، گاسن، قەرانگ، پیشەقان، بێڵ، پێمەڕە، دوودەو، مەڕەغان، کوڵینکە، توخماخ وکوین،** ....

**قەیناغ:** (ئامێرێك بووە لەکاتی دروێنەدا لەپەنجەیان دەکرا، تا پەنجەیان بریندار نەبێت). **شەنە، شەنەبا: (**شەنەی داروئاسنیش هەبووە بۆ کۆکردنەوە و بەباکردنی دانەوێڵە و شتی تر بەکارهاتووە) **قەسەر، کرتی، گەسك، بار،ڕیس، گوریس، کوتەك** ( بۆ کوتانی گەنم و دانەوێڵە بەکارهاتووە) **قەرانگ** (دارێکە بۆ لێکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵی بەکارهاتووە) . **کەلوپەلی ئاژەڵ:** (**قەڕاسە، مێخزنجیر ، سندم، پاش بەند، نار (ناڵ)، بزمار، زەنگوڵە، سەرملە، بەرسینگ، کورتان.**. **دەستار: (**لە دووبەردی گەورەی خڕ دروستکراوە کە ناوەڕاستی کونێکی تێدابووە و دارێکی کورتی ئەستوری تێکراوە، دانەوێڵەکە دەخرایە نێوان هەردوو بەردە خڕەکەوە و بە دەست دەیانسوڕاند و دەبووە هۆی هاڕینی دانەوێڵەکە ، **ئاش** (شوێنی لێکردنی دانەوێڵە) **ئاشەوان: (**ئەو کەسەی ئاشەکەی بەڕێوەدەبرد**)** ، **ئاش وەستا** :( وەستای دروستکردنی بەردی ئاش)، **باراش** :(بارێك کە دەبردرێت بۆ ئاش) ...هتد

**ناوی تایبەت بە جلوبەرگ:** ئاماژە بە هەندێ جلو بەرگ دەکەین، کە لەلایەن چینی بەساڵاچووان بەکارهاتوون :

**یازمە:** پارچە قوماشی توول بووە، لێوارەکانی بە زەنگیانە چنراوە، ژنان وەك جەمەدانی پیاوان لەسەریان پێچاوە، گوڵینگەیەکیان لە لایەکەوە هێناوەتە خوارەوە.

**کورتەك:** پارچە جلێکی پیاوان بووە، (کورتەك و شەرواڵ) **،** هەروەها ژنیش کورتەکیان لەبەرکردووە، وەك سەڵتەی ئێستا بووە، **کورجە (کورەبار):** (لە هێلەگ درێژترە، قۆڵی نییە)، **کراس و کەوا (کەوێ) ، کەلانکوچك (فەقێیانە )، دەرلینگ ، ئەتەگ (ئەتەگلغ)،هێلەگ، سەڵتە، ئاوەرکراس :** بەیەکەوە لەبەر دەکرێن.

**چارۆگە :** (پارچە پەڕۆیەکی تەنك بووە، ژن بەخۆیان داداوە بۆ جوانی ) **، کۆروانە :** (پارچە پەرۆیەکی جوان بووە، ژنان لەسەر جلی کوردیدا بەخۆیان داداوە )، **دەسرۆکە :** ( قوماشێکی لە ئاوریشم دروستکراو بووە ، بۆ سەرو کڵاوی ژنان بەکارهاتووە**)، دەسمار: (**پارچە قوماشی تەنکی جوان بووە، بەشێوەیەکی تایبەتی درواوە، بە شان دادراوە لەگەڵ جلی کوردی **) ، شەدە و هەوری :** (پارچە قوماش بووە لەسەر کراون، بەڵام ڕەنگەکانیان جیاواز بووە)، **سەرکراو و تاس :** (بەشێوەی تایبەتی ژنانی کۆیە دروستیان کردوون و ڕازاندوویەتیانەوە، بۆ جوانی لەسەریان کردووە، جۆرەها پوول و لیرە و پارەی زیو و مورووویان پێوە درووە، هەرەها قوماشی ڕەنگاو ڕەنگیشیان پێوە درروە **)، سوخمە: (**لە جیاتی هێلەگی ئێستا بووە **)** ، **پووزەوانە: (**لە خوری و سوف دروستکراوە، لە وەرزی زستاندا، لەقاچ پێچراوە) ، **چارشێو (چارشێو کەمبەلی) :** (پارچە پەڕۆیەکی بەنرخ بووە بەخۆ دادراوە) ، **ڕانکو و چۆغە و پشتێن: (**جل و بەرگی پیاوان بووە**)، کورتەك و شەرواڵ: (**جل و بەرگی پیاوان بووە**)، دەرپێ: (**لە قوماشی سپی دروستکراوە، هی پیاوانە**)، کراو و جەمەدانی :(** پیاو لەسەریان کردووە **) ، مشکی : (**ئەویش پیاوان لەسەریان کردووە و لەسەریان پێچاوە **) ، گۆرێی (گۆری): (**لە خوری دروستکراوە ، بەلەپێچ ، فانیلە (فامیل)، ساقۆ، قاپووت، کڵاش**)، پانتۆڵی شارستۆن: (**پانتۆڵێك بوو لای خوارەوەی پان بوو،لای سەرەوەشی تەسك بووە، چاکەتەکەی شۆڕ بوو، بۆینباغیش پان بوو، لەنێوان ساڵانی شەستەکان و هەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو داباوبووە **) ، یابابە:(** جۆرە جلێکی منداڵان بوو، لە قوماشی تول دروستکراوە) ، **مینی جۆب : (**جلێکی کورت بووە، لە شێوەی تەنوورەی کورتی ئێستا، لە پشت چۆك بووە، کچانی خوێندەوارو چینی ڕۆشنبیر و شارستان لەبەریان کردووە**)، مایکرۆجۆب** (لە مینی جۆبیش کورتتربووە) .

**ناوی تایبەت بە قوماش : ناوی هەندێ قوماش دەهێنین ، کە کراوەتە جلوبەرگ: کرێشە، جەرسە، ئەنگۆرە، خامەکی مۆر، بازە، گورباتمان، خەسووتەقێنە، پەڕی مێشێ، نازونوز، چاوی ماری، کودەری، شلومل، ئاوریشم، جادەی تارانێ، لەیالی، هاشمی، ئەتلەس، دانتێل، مەخمەر، خیابان، حەسەن زیرەك، ڕیشی مامزێ، شایەخ بێزی، شاخ وداخ، سرکەیی، کوێستانان خاڵحاڵ، تەزرە و باران، خەوخۆش، گور ونیو، تێرقرمە، کەڕنە، کەتان، سورمە، ...هتد.**

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی خۆ گەرم کردنەوە و بەخۆدادان و ڕاخستن: (گانجل: (**پارچە قوماشێکی گەورەیە، لە پارچە پەڕۆی کۆن و جۆربەجۆر دروست دەکرێت ساوار و دانەوێڵەی لەسەر ڕادەخەن)، **نیودەرە:** (لە پارچە پەڕۆی کۆن دروست کراوە وەك دۆشەگ بەکارهاتووە)،**جلەگا، جاجم:** ( لە خوری دروستکراوە، ڕەنگاو ڕەنگە ،زۆر گەرم بووە بۆ زستان)، **لێفە:** (لە لۆکە دروستکراوە، گەرم بووە بۆ زستان)، **جودەلی:** (لە لۆکە دروستکراوە بۆ بەخۆدادان بەکارهاتووە)، **پەشمە:** (تەنك بووە لە هاویناندا بەخۆ دادراوە)، **لباد، بەڕە، دۆشەگۆرە، مافوری دەستکرد، یاتاغ:** (ئەو نوینەی کە پێی دەنووی ).

**وشەی تایبەت بە بۆنەکان :**

**لەنکەری:** خوردنێکە لە بۆنەی خۆشدا لێدەنرێت و دەنێردرێت، وەك : خانووکڕین ، یووك گواستنەوە، منداڵبوون، بە پەڕۆی سوور و جوان دەڕازێندرێتەوە. **سفرە: (**خواردنە بۆ تازیە و خاوەن مردوو بردراوە، لە ماڵەکەش چەند کەسێك دەفتەرێکیان پێبوو، ناوی ئەو کەسانەیان دەنووسی کە سفرەیان هێناوەتەوە و هەڵیاندەگرت، بۆئەوەی ئەوانیش لە کاتی هاوشێوەدا بۆیان ببەنەوە**)، حەلوا:** ( ئارد و شەکرو ڕۆنە، لە سێەم ڕۆژی تازیە بۆ مردوو لێنراوە و بەشراوەتەوە**).**

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی گواستنەوە : کەر، کورتان، تێڕکە، تورەگە، ئەسپ ، هێستر، بارگیر، نار( ناڵ): (**پارچە ئاسنێکە لەژێرپێی ئەسپ لەشێوەزاری کۆیەدا بە نار گۆ دەکرێت)، **زین، گورینگە، زەنگورە،سم، لغاو، عەرەبانە**، کەر **و عەرەبانە، عەمبار (حەمال) خان (**شوێنی ڕاگرتنی ئاژەڵ ومانەوەی خاوەنەکەی ئەگەر لە شوێنێکی دوورەوە هاتبێ **،** وەك کاروانسەرا وا بووە **). ئیستێشن:** (جۆرە ئۆتۆمبێلێك بووە )، **کەژاوە: (**بۆ گواستنەوە بەکارهاتووە**)، جێب، ئەمانە:** ( بە واتای پاسی ئێستا بەکارهاتووە)، **قەمەرە، تورمبێل:** لەلای پیرو بەساڵاچوان بەکاردێ، بەڵام لەلای چین و توێژە تازە پێگەیشتوەکان وشەی سەیارە بەکاردەهێنن لە شێوەزاری کۆیەدا (حمد، یارا قادر،2008: 60). **یەختە:** هێستری خەساو .

وشەکانی، ( کورتان، تێڕکە، نار ) لە ئاخاوتنی ئێستای ئەم شێوەزارەدا بەکارهێنانیان زۆر کەم بۆتەوە، لەلایەن چینی گەنج و تازە پێگەیشتووەکان، هەروەها ئێستا هۆکار و شێوازەکانی گواستنەوەش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بۆیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وشەی (کەر) زیاتر وەك ئاژەڵێك بەکاردێت، هەروەها وشەی (ئەسپ )یش وەك ئاژەڵێکی جوان، یان هۆکارێك بۆ وەرزشکردن، بەڵام وەك ئامێری گواستنەوە، ئەم وشەیە لەلایەن چینی تازەپێگەیشتوو، بەکارناهێندرێت، بەهەمان شێوە وشەکانی ( هێستر و بارگیر) یش، وشەی (گورینگە) و (زەنگورە)، لە ئێستای زماندا ،زیاتر وەك ئامێری جوانکاری و ڕازاندنەوە ناوی دەهێندرێت، نەك ئامێرێك بۆ هەڵگرتنی شت و مەك و ئەوەی کە لە ملی کەر و ئەسپ و بارگیر دەکرێت، وشەی (جێب) بەکارهێنانی کەم بۆتەوە، کە پێشتر لەلایەن چینی بەساڵاچووانی ئەم ناوچەیە بە وشەیەکی چالاك دادەنرا،چونکە ئێستا جۆری دیکەی ئۆتۆمبیل پەیدابووە، وشەی (خان) بەو واتای کاروانسەران لەلایەن چینی گەنجو تازەپێگەیشتوو بەکارناهێندرێت .

**ناوی خشڵ ، کەلوپەلی جوانکاریی : ئاماژە بە کۆمەڵێك ناو دەکەین، کە وەك کەرەسەی جوانکاریی لە لایەن چینی بەساڵاچووان بەکارهاتوون:** ( خەناوکە، ملوانکە، گەردنلغ، گۆبەرە، دوگەم و دۆراب (سێ قاشی زێڕە )، گۆبەرە، گۆبەرۆك: (خشڵێکە

به هێلەگەوە دووراوە )، قاش: (لەبەرد دروست دەكرا، بۆ ملی ژنان بەكار دەهات )، **بلبلە، كرمۆكە:** (جۆرە خشڵێكی زێر بووە، لە شێوەی كرمی بچووك بووە بۆ سەروكڵاوی ژنان بەكارهاتووە) ، **چۆچە:** (دوو پرچە زێری خڕ بوو، بۆ سەروكڵاوی ژنان بەكار دەهات)، عاشق بەند ، قەنەفربەند،سەروكراو، سەربسكە،خەناوكەی مەرجان، مەلەگۆ،گوارەی سێگۆ،مەلەبیجادە، تاس،لاچاوە، مەلەگولادە، دەستەوگۆ، بن كەوش،كەمەربەند، دەسبەند دەستبەن: (بازنێكی زێڕ بووە، لەچەند گۆیەك دروست دەكرا)، بازنی كوردی، خەناوكەی قەنەفر ...هتد) ، هەروەها هەندێك كەرەسە بۆ خۆجوانكردن بەكارهاتوون ، وەك : (لۆكەی سوور) لەجیاتی سووراو ، سپیاوی قەرایی ، خەنە، وەسمە ...هتد.

**كۆفی لار:** (جۆرێك بەستانی لەچك بووە)، **حەتۆتە:** (پارچە پەڕۆی سێگۆشەیە، سۆتكە و قەنەفر و گیای بۆنخۆشی تێكراوە)، **سۆتكە:** (گیایەكی بۆنخۆشە بۆ خەناوكەی ژنان بەكاردێت) ، **قەنەفر:** (بۆخواردن و دەرمان بەكارهاتووە، هەروەها وەك كەرەسەی جوانكاریش ملوانكە وشتی تری لێ دروستكراوە)، **بۆنخۆشكە:** (گیایەك بووە، ئافرەتان بەخۆیانەوە كردووە بۆ بۆنخۆشیی) ، **كنێر:** (گیایەك بووە بۆ بۆنخۆشی بەكارهاتووە، هەروەها لە سەرینیش كراوە ) ، **ڕەیحان** : (گیایەكی بۆنخۆشە ) ، **خەنە و زەنجەبیل:** (لەسەر سەری منداڵ دادەنرا بۆ كاتی نەخۆشی وەك دەرمان بەكارهاتووە) ، وشەكانی (**دوگەمە و دۆراب، گۆبەرۆك، بلبلە، كرمۆكە، چۆچە، سەربسكە، خەناوكەی مەرجان، مەلەبیجادە، تاس،لاچاوە، مەلەگولادە، دەستەوگۆ، بن كەوش، كەمەربەند، دەسبەند، دەستبەن**) لە ئێستای زماندا، بە وشەی سست دادەندرێن، چونكە وشەی تر جێگەی گرتوونەتەوە، كە بۆ جوانكاری ئەم سەردەمە بەكاردێن.

**بیرو باوەڕ : هەندێ بیروباوەڕی تایبەتی هەبووە، وەك :**

**نوشتە :**شێخ و مەلا كردوویانە، بۆ مەبەستی چاكبوونەوە لە نەخۆشی و زۆر بواری تریش.

**عەبوجانە:** وەك نوشتە وابووە، بەخۆوە كراوە، بەمەبەستی پارستن لە چاو و زار و زۆر شتی تر .

**روقیە : دوعاكردن .**

**كەلوپەلی چێشلێنان : دار ،ئاگردان، سەرگین، تەپارە، پرێمز، تەباغی نەوتی، تەباغی غاز، شوێنی نان هەڵگرتن (ناندێن)،** وشەی **(ئاگردان)،** (لەم شێوەزارەدا، لە ئێستادا، وەك هۆكارێك بۆ چێشتلێنان زۆر بەكەمی بەكاردێت یان هەربەكارنایەت تەنیا لە چوارچێوەی پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەقدا ماوەتەوە، چینی بەساڵاچووان ئەم وشەیە بەكاردەهێنن (ئاگردانیان كوژایەوە، یان كۆربۆوە ) واتی ماڵیان لێ تێكچوو) ، **مغەیری:** وەك ئاگردان بەكارهاتووە، **وشەی (سەرگین ) و (تەپارە)** ، (كە پاشەرۆكی ئاژەڵن و لەكۆندا بۆ چێشتلێنان و نانكردن و ئاو گەرمكردن بەكارهاتوون، لەلایەن چینی بەساڵاچووانی ئەم شێوەزارەدا بەكاردێن، لە سەردەمێكی كۆنەوە، ئەمانە بۆ نانكردن و ئاو گەرمكردن بەكارهاتوون ، بەڵام ئێستا ئامێری تر پەیدابوون و شوێنی ئەوانەیان گرتۆتەوە) **سێپا :** ( سێ پای هەبووە و پارچە بۆریەكی بچووكی بەسەرەوە بووە، سۆندەی ئاویان دەخستە ناو پارچە بۆڕیەكە لە كاتی كاركردن، تا سۆندەكە نەخزێ و بەرنەبێتەوە) .

**كەلو پەل و جیهازی بووك** : **بۆراق :** ( سندوقی بوكان)، **باول:** ( ئامێرێكە بۆ هەڵگرتنی جل و بەرگ لە ئاسن دروستكراوە بۆ بوكانیش بەكارهاتووە)، **،تارای سوور:** ( لەكۆندا بوك جلی كوردی سپی لە جیاتی بەدلەی ئێستا لەبەر دەكرد تارای سوریان بەسەر دادەدا)، **كل و كلدان** ، بوك لەگەڵ خۆی هەندێ كەلوپەلی بە دەست دروستكراوی دەبرد وەك، (**لێفە، دۆخین، لیفكە، دەستگر، سەرنان**...هتد) وشەكانی (بۆراق،سندوقی بوكان) لە ئێستای زماندا بە وشەی سست دادەندرێن و بەرە و مردن دەڕۆن، وشەی (باول) بە وشەیەكی سست دادەندرێت، ئێستا بەكارهێنانی كەم بۆتەوە، وشەی جانتای گەورە شوێنی گرتۆتەوە.

**پێڵاو :**

**قاپ قاپە:** (جۆرە پێڵاوەك بووە، كە لە دار دروستكراوە )، **چەكمە (** جۆرێك بووە لە پێڵاو) ، **سۆڵ:** (جۆرە نەعلێك بووە) ، (حمدامین، بەدری، 14/ 10/ 2018) ، **ئێمەنی (یەمەنی) :** (پێڵاوێك بووە لە چەرمی سوور دروستكراوە ) ، **كراشی بن پەڕۆ:** (پێلاوێك بووە بە دەزوو سنارە دروستكراوە،بە زۆری ڕەنگی سپییە) ، **كەعب عالی:** پێڵاوی پیاوان بووە بنەكەی بەرزبووە (كەعبەكەی بەرز بوو)، **جزمە (دزمە):** (جۆرە پێڵاوێكی زستانەیە، سەرێكی درێژی هەیە، لاستیك بووە، لەكاتی ئیشكردنیشدا لەپێ كراوە)، **پێڵاوی لاستیك:** (پێڵاوی ژنان و پیاوان لە لاستیك دروستكراوە)، **پێڵاوی چەرم:** (جۆرە پێڵاوێك بووە لە چەرم دروستكراوە، بۆ ئەم مەبەستە، وەستای تایبەتی لە شارەكان هەبووە) ، **پینەدۆز:** (وەستای دروستكردن و چاككردنەوەی پاپوج و پێڵاو . پینەدۆزیی: پیشەی پینەكردن و چاككردنی پێڵاو بووە )، **بزماڕڕێژ :** ( پێڵاو كە بەنوێی كڕاوە، بردراوە بۆلای پینە دۆز بزماڕڕێژكراوە بۆ ئەوەی زوو نەدڕێت)، **قایش:** (پارچەی تایبەتی بووە، پینەدۆز بۆ دروستكردن و چاككردنەوەی پێڵاو بەكاری هێناوە) ، **پوزەوانە:** (پارچەیەك بووە بە زستانان لە قاچ پێچراوە، لەخوری یا سوف چنراوە )، **گۆریەی خوری:** (جۆرە گۆرەویەك بووە لە خوری دروستكراوە )، **گۆریەی سوف:** (جۆرە گۆرەویەك بووە لە سوف دروستكراوە ) ، **گۆریەی چەلی:** (جۆرە گۆرەویەك بووە ).

**كەلو پەلی منداڵ : لانك، دەسرازە، كۆچك ، مەلۆتكە، بێشكە، پەڕۆ وپاتار، وشەی (لانك و دەسرازە) لە ئێستادا، لە شێوەزاری كۆیەدا بەكارهێنانی كەم بۆتەوە، وشەی (كۆچك) وشەیەكی سستە، مەلۆتكە و پەڕو وپاتار بەكارهێنانیان هەیە.**

**كەلوپەلی جگەرە: قەنە، سبیل، دەفتەرە جغارە، قدوی جغارە پێچانەوە، كیسەی توتن، پەڕەجغارە، قەمیش، دارجغارە ...هتد.**

**وشەی تایبەت بە قژ (پرچ):**

**قاقۆل(كاكۆل) :** ( لە پێشەوەی سەری منداڵان دەیان هێشتەوە، پشتەوە وچواردەورەكەیان بە موس دەتاشی ).

**زولف :** ( پرچی پیاوان بووە لە هەردوولای ڕوومەتەوە هێشتراوەتەوە.)، **بسك :** ( دووپرچ بوو، لەلاو لەلا لە ژێر لەچك دەهاتە خوارەوە) ، **شابسك، كەزی، هۆنینەوە، كەزی حەسیری ، پرچی تەخشان و پەخشان كردبوو، واتە: پرچی بەڕەڵا كردبوو.**

**ناوی تایبەت بە یاری و ئامێری یاری:**

**قۆچەقانی:** (یاری منداڵان بوو لە چەرم دروست دەكرا)، **بەردەقانە، جك، جگجگانێ، پەلیكانێ، چاوشلكانێ، ساپساپانێ، شیشانێ، مۆریانێ ، ماڵە باجێنە، هەلوكێن، كەرەمستانێ(كڵاومستانێ)، دۆمینە، تاوڵە، تۆرچكانێ، حۆحانێ (حۆحانێ بلی بلی، پێكەوە بچینە قەبری، قەبری تەنگ وتارە، پڕ لە مشك و مارە، مشك و مار عزیایە) قەراقەرایانێ، دارلاستیك، داش، داشە هارە، پێنجوكانێ** ( بە پێنج بەرد دەكرا)، **بەگ** (ئەو كەسەی یەكەم كەس یاریەكەی دەستپێدەكرد)، **دوا بەگ** (دووەم كەس كە یاریەكەی دەست پێدەكرد)، **قرە** (دوا كەس كە یاری دەكرد)، **كەلایانێ، كەلابەرد**

(کەلایەك بوو منداڵان بۆ خۆیان لەبەرد دروستیان دەکردو یاریان پێدەکرد **)، چەرخ و فەلەك: ئامێری یاری منداڵان بووە، بە تایبەتی لە جەژناند.**

**ـ ناوی تایبەت بە خواردن:**

**سەمەنی :**(جۆرە خواردنێکی تایبەت بووە لە کۆیە دروستکراوە، لە گەنمی شین دروستکراوە، لە ماڵێ گەنمەکە چاندراوە، دواتر بە سەوزی گوشراوە، بە چەند هەنگاوێك لێنراوە، وەك بۆنەیەك لێ دەنرا ،تەنانەت شایی و گۆرانی لەگەڵ دەگوترا، بەسەر خزماندا دەیانگێڕا) ، **شلکینە:**( نانی خاوبرژ لەناو ڕۆن و شەکریان دەهاویشت **)، ترش:** شلە (ترشی فاسۆلیا لێدەنێین) ، **ترشاو:** (جۆرە خواردنێکە بە سماق و هێلکە دروستدەکرێت، یان بە هەناری ترش و هێلکە دروستدەکرێت) ، **ڕەشە شێو:** (شێوی دانەوێڵە، وەك: گەنم، نیسك، نۆك (محەمەد، مەسعود، 2009: 31 ) ، **قاویت** ئاردی قەرەخەرمان شەکری تێدەکرێ و دەخورێت، **سیپەلاك** : سی ، **شێلم بە ترش** ، **ئەستوکەبەروون، فاتەڕشە** : سپڵی ئاژەڵ ، **گیپە و سەروپێچك :** (کەلە و پاچە) ، **مارووکە :**( ڕیخەلۆکی ئاژەڵ دووای ئەوەی چاك دەکرێت و برنج و قیمەی تێدەکرێت و بۆ خواردن بەکاردێت ) ، **هەچەمچە:** (خڕنوکی وشککراو) ، **مزاش:**( گەنم و جۆی تێکەڵاو) ، **مزەورە:**( برنج و چەند سەوزەیەك و دۆشاوی تەماتە تێکەڵ دەکرێت، چێشتی تێکەڵە **)، حەفت پرینگە :** ( جۆرە چێشتێکە وەك مزەورە وایە**)، حەوت دەرمانە:** (تێکەڵکردنی حەوت جۆری جیاوازە بۆ دەرمان بەکاردێت**)، تێچینکە:** (نانی وردەیە لە ماست دەگوشرێت)، **هەرمیشك:** (دۆشاو لە ڕۆن دەکرێت، هەندێك ئاوی تێدەکرێت و نانی تێ دەگوشرێ ) ، **شلکێنە:** (جۆرە نانێکە**)، لۆلکە (لۆرکە):**(خوردنێك بوو لە ئاردو ئاو دروست دەکرا، دەیاندایە حەیوان کە تازە دەزا ) ، **حەلوا: تەڕە حەلوا:**( لە ئارد و ڕوون و شەکر دروست دەکرێ، دەدرێتە ژن کە تازە منداری بێ)، **نەڕەفیل:** (ئاروو ورد دەکرێت و دەکرێتە ناو ماست لەگەڵ خوێ) ، **لۆقنتە:** (بەواتای چێشتخانەی ئێستا بەکارهاتووە، ئەم وشەیە ئێستا چینی گەنج و بەساڵاچووان بەکاری ناهێنن ) ، **طەعامات:**( خواردنی جۆراوجۆر (مشکل)، ئەم وشەیە ئێستا لەلایەن چینی گەنجەوە بەکارنایەت)، **هەرشتە، ئەستوکە بەڕوون، گەنم و سرق، شلە ساوار، ماش و برنج ، نیسك بە سرق، دۆبەکەشك، داندۆك، دۆینە، دۆخەوا، پیرخەنی، داندۆك، دانوولە، پیرخەنی، شۆربا، ساواربە تۆرکە، تۆرکە، گیابرژا ، ماشە:** ( دوو پارچە ئاسن بووە، ڕەژو و پشکۆی پێ هەڵگیراوە ) ، **سێکوچکە:** (سێ پای هەبووە، بۆ چێشت لێنان بەکارهاتووە ) **. ناوی هەندێك لەو گیایانەی کە لەدەشت دەیانکرد و بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا (تۆرکە، ترشۆکە، پێ مامزۆکە، مافورۆکە، گۆرمزە، چاوبازە...هتد)**

. .

**شیوەقولە: شیوی منداڵان** .

**ناوی تایبەت بە کەلوپەلی خانوو:** (خشت، کۆلکەدار، کاریتە، قوڕکاریی، خرچان(تۆپەڵە گەچی ڕەق بۆوە)**،** گەچ، کۆرەگە، ...هتد)، **هەورەبان** (غورفەیەکی بچووك بووە لەسەر قادرمە دروستکراوە، بۆ ئەوەی ئاو نەیەتەوە ناو ماڵەوە)، **تاق** (کەلێنێك بووە لە ژوورەکانی خانوودا هەبووە، هەندێك گەورە بووە هەندێجار شتیشی تێدا دانراوە)، **خەلانچکە** (لە تاق بچووکتر بووە، هەندێکجار کونیش بووە بۆ هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی ) **شمشێرە:** وەك کلیل وا بووە، دەرگای داری پێ قایم دەکرا) **شێلمان، کاریتە، کۆرەگە، سولاوکە، گوێسواندە:** (ئەو بەشەیە لەسەربان دێتە دەرەوە)، ساپیتە، کەستەك (تۆپەڵە قوڕی ڕەق بۆوە)...هتد). ئەو کەرستانەی ئاماژەمان پێکردووە، لەوانەیە لەناوچەی تریش بەکاربێن، بەڵام لەوانەیە لەژێر ناوی تر بەکاربێن ، **شەپك: شەپکە دز، وەك تەختەیە وایە کەمێك تەنکترە.**

**باگردان (باگردێن):**( ئامێرێك بوو، لەبەرد دروست کراوە، لەکاتی باران بارینـدا، سەرخانی قوریان پێ پەستراوەتەوە تا دڕۆپە نەکات )، **مغەیری:**( بۆ گەرمکردنەوە بەکارهاتووە، لە دیوار دروستدەکرێت وەك ئاگردان وایە )**، شمشێرە :** (وەك کلیل وابووە، دەرگای داری پێ قایم کراوە) .

**هەندێ کەلوپەلی شوشتن :**

**کەرەئەنگوتك:** (دارێك بووە شمەکیان پێ شوشتووە ) ، **شونك:**( دارێکە خوری پێ دەشۆردرێت )، (حەمەد أمین، بەدرییە: 2018/10/14) ، **تات :** (بەردێك بووە، بۆ نوێژکرن و شوشتنی مردووش بەکارهاتووە).

**پارە: ناوی هەندێك جۆری پارە کۆن:**

(فلوس، یەك فلوسی، دووفلوسی، عانە (چوارفلوسی )، فلوسی ئەحمەر (ئەوانە هەموویان سوور بوون، بۆیە وای پێ وترا وە بۆتە ئیدیۆمیش (فلوسێکی ئەحمەر ناهێنێ)، دوو درهەمی، چواردرهەمی، نیودیناری، دیناری پێنج دیناری، دە دیناری لەسەردەمی مەلەکیەتدا هەبوون، پێنج فلوسی، بیست و پێنج فلوسی لەسەردەمی عەبدولکەریمدا هەبوون) ، **روپیە:**( لەسەردەمی ڕژێمی مەلەکی بەکاردەهات، درهەم و نیوێك بوو ) **. هەندێ وشەی تایبەت بە ئاین و مزگەوت:**

**فەقێ:**( شاگردی ئاینی لە مزگەوت **)، سوختە:** (لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن بە فەقێ وتراوە (سوختە) ، **موستەعید:** ( کۆتا پلەی خوێندنی ئاینییە، کۆتا پلەی فەقێیەتییە) ، **ڕاتبە :**( وشەیەك بووە فەقێ بەکاریانهێناوە، بۆ داواکردنی پارە و خواردن)، **شیوی دەروێشان:** (شیوێکی تێکەڵ بووە ، هەموو جۆرە چێشتێك تێکەڵ کراوە).

**جنێودان و توك کردن:**

**جنێودان:** هەندێ وشەی جنێودان لە فەرهەنگی بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیەدا هەیە: (**چاو هەرترۆقای، چاومۆن، چاوحیز، بێ چاو وڕوو، گوو بەشەرەفت، سمێڵ فش، نامەرد، ناپیاو، مل حیز، بچم حیز، سەرشۆڕ، شەلاتی، سەرسەری، ڕووقایم، ساختەچی، کەرباب، سەگباب، سەرت تاشن، ملت بشکێ، چاوت دەرێ، مل ترتڕۆك، بنەمۆم، لینگ بە ترشاو، بێ دەم وفلت، زارهەراش، لچ شۆڕ، لاتڕ (لاتڕقەوچ ـ بۆشتی خواروخێچ بەکارهاتووە)** ، **شەپڕێو:**( شەپڕێو بۆ کەسێکی ناڕێك و پێك بەکاردێت. یان زۆرجار پێی دەڵێن زۆر شڕو وڕە **)**، ((**مەنگۆز:** بۆ کەسێکی گەواد (پیاو) بەکار هاتووە. **جکسیز:** واتە (بێ جك) ئەم جنێوە لە یاری جکانێ هاتووە، (بێ جك)، بۆ منداڵان و گەورەش بەکاردێت. تەرەس: جنێوێکە بەکاردێت، لە (ترسا) ی پیاوی ئاینی (یارسان)هوە هاتووە، بۆ بە سوك سەیرکردنی کەسێك))، (حەوێز، سەلاح، 10/ 10/ 2018) . ((**کەسکە:** جنێوە، تەنیا ژن بە ژنی دەدات، ئەم جنێوە لە کۆیە دەرچووە (لەکاتی خۆی، ژنێکی فیتنەچی لەکۆیە هەبووە، کە زۆر بەدعەمەل بووە، ناوی کەسکە فەندی بووە، شوهرەتی ئەو ژنە لە خراپەکاری بۆتە جنێو))، (ڕ.س.ب ، 2015 ،48) ، **زرتەزەلام :** (کەسێکی گەورە و زل، زیاتر بۆ واتای نەرێنی بەکاردێت **) ، چەتون:** عەجول ، **چەتیم :** (کچە هەتیم) چەتیو (کچە هەتیو) ، **قەرپ :** ( واتە خراپ، (ماری قەرپ سەر بە ساحێبیەتی)، ناکەسبەچە **)** .

ئاماژە بە هەندێ توککردن دەکەین، کە لەلایەن چینی بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیەدا بەکارهاتووە، بە تایبەتی لەلای ڕەگەزی ژن:

**تیراوە** : وشەیەك بووە وەك جنێو و توککردن بەکارهاتووە (تیراوەت لێ کەوی) هەناوت بەربیتەوە، ڕیخەرۆکت لە ملت ئاریێ، سەرت لە قوڕی نێی، سەرت لەهەشێ نێی، پرچی سپی بهۆنییەوە، خێر لەعەمری خۆت نەبینی، دەمت خوار بی، قڕتان

تێ کەوی، خێر لە یەکتری نەبینن، خۆزە چەرەت لێ ککەوی، هەناوت بەربێتەوە، لغ لغەت لەسەری زمانی کەوی، هەناوت لەلینگت ئاری، (ئۆخەی لە خۆت نەکەی، خێر لە عومرت نەبینی، نانت بە ئاوی ڕانەگا، خۆزکت لێ دا. سندان، سندانت لێدا، شەوەبتباتەوە، بە کوشتنی بێ شوشتن بچی، هەر لۆ بەختی خۆت بگری، زمانت بە برین بچی، تیلم تیلم بیت، کۆرو مەزمەعیل بی، سەرت بەتاشین بچی، ئۆخەی لە خۆت نەکەی، کرمت لێ بدا، لە قوریت نیم، لە هەشێت نیم، قونپانیت بە قونتەوە بنوسێ، ئێقەی خۆت دادری، تۆپی غەزەبێت پێکەوی، پێت لە دوو خوت ڕاکێشی، بەختت وەك کورەی حەمامێ ڕەش بیت، کچت کەروێشکێ بە فاقەی بگری، لۆمەی عالەمێت لەسەر بیت، ڕەبی مارومندارت لە برسان بمری، بە ئاگری غەزەبەوە بسوتێی، کفنت لۆ بدرون، ئاگر بە زمانت کەوی، ڕەزیل و سەفیل بی ئەوەی چاوی پێم هەرنایە، ئاگر لە هەناوت بەربی، دەگ زمانت لار بی، سەرت لە هەشێ نێی، عەشتەبای خواتان نەمینێ، پەلەپروزەت پێ کەوی، ببیە سیرمە چەقارتە، دواتان ببڕێ، یەکتان نەمینێ، عەرزو عروزت بێتە گۆڕێ، ئادارتان بەسەر پادارتانەوە نەمینێ، شار بەدەر بکرێی، زگت بسوتێ، عەمر مردە بیت، سەرت بە برین چی، ئۆخەی لە خۆت نەکەی، سیسەمارە، تیراوەت لێدا، مندارت لەبەر زگت هەرگیرێ، سەوداسەر بیت، شار بەدەربیت، شەوە بتباتەوە، شەل و کوێ بیت، بەختت بە بەختی قەلەڕەشێ بی، گۆڕغەریب بی، دارزێی، ماست و دۆشاوت بەسەداکرێ، شار بە دەر کرێی،زمانت بە برین چی). ( m.facebook.com ).

ئەگەر تێبنی بکەین، ئەو وشە و دەستەواژانەی کە بۆ جنێودان و توکردن بەکارهاتووە، لەلایەکەوە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی تاکی کورد و داب و نەریتی کۆمەڵایەتین، لە لایەکی ترەوە، ڕەنگدانەوەی عەقلیەت و بیرێی ئاخێوەرە، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەك ڕوون دەکەینەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکەین:

**نموونەی یەکەم** : کاتێك قسەپێکەری کورد توکی (**گۆڕ غەریب بی**) ی بەرانبەر بە کەسێك بەکارهێناوە، هۆشیاری ئەوەی هەبووە، کە تەنیا بوون و نامۆبوون و دوور بوون لە شار و نیشتمان چەند ناخۆش و بە ئازارە، ئینجا سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەو شوێنە دوور و بێ کەسییەدا نەخۆش بکەویت و بمریت و هەر لەو شوێنەشدا بنێژرێیت، بۆیە بە هۆشیارییەوە ئەو توکەی بەرانبەر بە کەسێك بەکارهێناوە، کە زوڵمی لێ کردووە یان ڕقی لێی دەبێتەوە، هەروەها توکی (بەکوشتنی بێ شوشتن چی) ئەویش نزیکە لە واتای ئەم توکە.

**نموونەی دووەم:** کاتێك قسەپێکەری کورد توکی (**شاربەدەر بی** ) بەرانبەر بە کەسێك بەکارهێناوە، هۆشیاری ئەوەی هەبووە، کە کێشەی کۆمەڵایەتی و عەیب و عار چەندە ناخۆشە، هەروەها لە کۆندا لە ناو کوردەواریدا نەریتێك باوبووە، کاتێك کەسێك کارێکی ناشرینی کردووە، لۆمەی خەڵکی هاتۆتە سەر ئەو کەسەیان لەو شارە دەرکردووە ، ناموسیان بردووە و چەند ڕیو ڕەسمێکیشی لەگەڵدا ئەنجام دراوە، بۆیە ئەو توکەی بەرانبەر بە کەسێك بەکارهێناوە، کە خۆشی نەویستووە، هەروەها توکی (**لۆمەی عالەمێت لەسەر بی** ) نزیکە لەم توکەوە، چونکە ئاخێوەر دەزانێت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، کە دووچاری لۆمەی خەڵکی بوویت چەندە ناخۆش و زەحمەتە.

**دوعا کردن و دڵدانەوە:** لە فەرهەنگی بەساڵاچووانی شاری کۆیەدا، هەندێ دەستەواژەی تایبەت بە دوعا بۆ کردن هەیە**:** (مارتان ئاوا بێ، هەر لە خۆشی دابن، رووت سپی بی، رووسوور بی، هەرساحێب مار بن، لەچاوڕۆنان بن، خوا نەیبڕی، خوا لە برایەتیت کەم نەکا، خوا لە خوشکایەتیت کەم نەکا، عەمر درێژبی، ئاوەکی بەو ئاگرەی داکەی، دربەخەم نەبی ... )، دڵدانەوە : (کەفارەتی گوناحانە، گوناحی پێ هەروەرێ، خوا هێنایتی، خێری پێوەیە، خوایە ساتران نەدەی ...هتد ).

**ناسناو (لەقەب)** : ئاماژە بە هەندێ وشە و دەستەواژە دەکەین،کە وەك ناسناو لەشێوەزاری کۆیەدا بەکارهاتوون ( پیرەمەر، سەلکە هێستر، چەکوچ بەگوو، پەستەك سۆر...هتد) لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەم ناسناو و لەقەبانە، ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و باری دەروونی خەڵك و سەردەمن، بەتێپەڕبوونی کات بەرە و کەمی ڕۆیشتوون، ئێستا بەکارهێنانیان بە بەراورد بە قۆناغی پێشوو، لەم شێوە زارەدا کەمتر بۆتەوە، چونکە مرۆڤی ئەمرۆ زۆر کاتی لەبەردەستدا نییە، تا ڕادەیەك سەردانی کردن و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیش کەم بۆتەوە، ئاخێوەر هەوڵ دەدات بەکورترین ماوە و کەمترین وزە ئاخاوتنەکەی تەواو بکات.

**ڕەگەز:**

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەندێ وشە لە فەرهەنگی بەساڵاچووانی ژندا هەیە، جیاوازە لە هی پیاوان واتە: ڕەگەز، ڕۆڵی زۆرە لە دروستکردنی جیاوازی لە شێواز و دەربڕینەکاندا، هەندێ دەربڕین لە فەرهەنگی ژن هەیە، لە هی پیاودا نییە (شەمس ،هێمن عبدولحەمیدن، 2006: 67)، وەك ( باوانت شێوێ،، سکت نەسوتێ، سەرت لە خەنەی نێی، ...هتد ).

**هەندێك دەستەواژە و کورتە ڕستە و پەند و قسەی نەستەق:**

ئاماژە بە هەندێك دەستەواژە وکورتە ڕستە و پەند و قسەی نەستەق دەکەین کە لەلایەن بەساڵاچووانی شاری کۆیەدا بەکارهاتوون و لەڕووی دەنگسازییەوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لە ڕووی بیرەوە لێکدانەوە بۆ هەندێ دەستەواژەو پارچە ئاخاوتن دەکەین :

لێرەدا، هەندێ دەستەواژە دەهێنینەوە، کە لەلایەن بەساڵاچووان بەکاردەهێندرێن، لە ڕووی زمان و بیرەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکەین: (زمان گرنگترین ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکانمان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەو ڕەوشتی مرۆڤ هەیە. زمان و بیر، زۆر پابەندن بەیەکەوە تارادەیەك کە ناتوانین زیاتر لە توانای زمانمان بیربکەینەوە، ناتوانین شتێك بڵێین کە نەتوانین بیری لێبکەینەوە ( شەمس، هێمن عبدولحەمید:2006 ،16 ـ 18).

**ئاخرت خێرێ:** ئەم وشەیە ژنە بەساڵاچووەکانی شاری کۆیە بەکاری دەهێنن، بە هۆشیارییەوە بەکاری دەهێنن، لەبەر ئەوەی هەر کارێك لە ژیاندا کە دەکرێت، کۆتایی یەکەی لەبەرچاو دەگیرێ، بۆیە ئەنجامی باش واتە ژیانی باش. (**ئاخر، خێر**): وشەیەکە لەبنچینەدا، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

**بەچاوی مامرەتێ:** بە چاوی موشتەری. وشەی (مامرەت): لە وشەی (مامەڵە)هوە هاتووە، دوای ئەوەی چەند گۆڕانێکی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) بەسەر داهاتووە، لە وشەی (مامەڵەت) دا، دەنگی (ه) تێچووە، دەنگی **(ڵ)** گۆڕاوە بە دەنگی **(ر) ، (ێ)،** مۆرفیمی دۆخە کە لەشێوەزاری کۆیەدا، لە هەندێ باردا بەکاردەهێندرێت ( **مامەڵەت ــــــ مامرەت) ،** ئەم وشەیە بەساڵاچووانی کۆیە بەکاریانهێناوە ،بەرانبەر بە شتێك یان کەسێك کە بەگرنگییەوە سەیری بکرێت و تێڕوانینی بۆ بکرێت، جا بەمەبەستی کڕینی شت بێ یان مەبەست داواکردن و داخوازی کەسێك بێت .

**چیا گەمەیە: (گەمە)** لە شێوەزاری کۆیەدا بە واتای یاری دێت، کاتێك دەوترێت **(چیا گەمەیە)** ، بۆ بارودۆخێکی جدی بەکاردێت، سەرچاوەی بیر لەم دەستواژەیەدا، ئەوەیە: نابێ کار و بارودۆخی سەرەکی و ناسەرەکی و جدی و یاری تێکەڵ بکرێن، هەندێ بارودۆخ هەیە، پێویستی بە هەوڵدانی جدی هەیە و ناکرێ پشتگوێ بخرێت.

**ڕووت سپی بیت، یان ڕوو سور بی:** لە کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ لایەنی ئیجابی بەکاردێن، چونکە ڕوو سپی بوون و ڕوو سوری، نیشانەی بە ئەخلاقی کەسەکەیە و هۆی سەربەرزیە بۆ کەسەکە خۆی خانەوادەکەی. بەڵام ڕوو ڕەشی بۆ لایەنی سلبی بەکاردێت، کە دەوترێ (ڕوو ڕەش، یان ڕووت ڕەش بێ)، نیشانەی دوڕووی و منافقی یە و درۆزنی و بێ ئەدەبییە، مایەی سەر شۆریە بۆ خۆیی و خانەوادەکەی .

مرۆڤ بە زمان بیر دەکاتەوە، لەم گۆشە نیگایەوە، کەسێتی پیاوسالاری (باوکسالاری) بە دەربڕینەکانی زمانی کوردییەوە دیارن و کاریگەریی ئاشکرایان لەسەر کەسێتمان هەیە (شەمس، هێمن عبدولحەمید:2006 ، 134).

ئێمە چەند دەستەواژەیەك دەخەینەڕوو، کە لەلایەن کەسە بەساڵاچووەکانی کۆیە بەکاردەهێندرێن و ڕەنگدانەوەی ئەم بیرەن: **(بە داکی کوڕان بی) :** ئەم دەستەواژەیە بەو ژنانە دەوترێت ،کە تازە شویان کردووە، هێشتا منداڵیان نەبووە، یان دەمێکە شویان کردووە، منداڵیان نەبووە، یان منداڵیان هەیە، بەڵام کوڕیان نەبووە، بەڵکو کچیان بووە، ڕەنگدانەوەی ئەو بیرەیە، کە کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و خەڵکی کۆیەش، منداڵی کوڕیان لە منداڵی کچ پێ پەسەندتر بووە و پێیان خۆش بووە، منداڵی کوڕیان ببێت، ئەمەش لە زمانەکەیاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە.

**سەرژنانی:** دەستەواژەیەکی نێگەتیڤە بەرانبەر بە پیاو بەکاردێت، ئەمەش لە بۆچوونی بەکەم سەیرکردنی ژنانەوە دروست بووە (**مچەژنانی**): بۆ هەمان واتا بەکارهاتووە (بۆ پیاوێك بەکارهاتووە، کە لەبەردەستی ژنان بێ، یان هاوکاری ژنەکەی کردبێ)، هەروەها وشەی (**ئۆمەر**): بەرانبەر پیاوێك بەکارهاتووە، کە لە ژنەکەی بترسێ **(فلانەکەس ئۆمەرە) .**

**ـ هەندێ وشە لە چیرۆك و ئەفسانە وە سەرچاوەیان گرتووە: (قولە ڕەش) :** ئەم وشەیە بەکاردێت، بۆ وەسفکردنی کەسێکی ڕەش یان ناشرین، لە ئەفسانەدا (قوڵ) یان (قولە) هەیە.

**(دێوەزمە) :** بەرانبەر بە کەسێکی قەڵەوی کەتەی زل بەکاردێت، وشەی دێویش لە ئەفسانە و چیرۆکە فۆلکلۆرییە کۆنەکانەوە، کەوتۆتە ناو زمانەوە.

**(کێوی قافێ، قولەی قافێ):** (کێوێکی دوور و شوێن نەزانراوە، پاڵەوان زۆر بە زەحمەت دەکاتە ئەم کێوە ، کە جێگای دێو و ئەجندە و پەری یانە )ن (حەسەن، مەولود ئیبراهیم:2000 ،81 ) .

**جمەی دێ:** بە واتای (**قەڕەباڵغە**) ، بنچینەی وشەکە عەرەبییە، بە بۆچوونی ئێمە لە وشەی ( **جمع**)ی عەرەبییەوە هاتووە.

**عەزیزمردە نەبی :** ژنانی کۆیە، ئەم دەستەواژەیە لە چاك و چۆنیدا بەکاردەهێنن، لە ڕووی بیرەوە هۆشیاری تێدایە، چوونکە مردنی ئازیزان بە ئازارە.

**بە قورئانی قەدیم :** ئەم دەستەواژەیە، لە لایەن بەساڵاچووانی شاری کۆیە بەکارهاتووە، لە ڕووی بیرەوە، وشەی قەدیم، جۆرێك لە پیرۆزی بە وشەی قورئان دەبەخشێت.

**بێ دۆنە: (دۆن)،** واتە (**چەوری**)، وەك میتافۆریش بەکاردێت: **بێ دۆنە،** واتە: بێ هیمەتە، یان بێ خوڵقە، لەکۆندا (دۆن) بە ئاسانی دەست نەکەوتووە، بۆیە چێشتی پڕدۆن، بەلایانەوە خۆش و پەسەند بووە، بەڵام چێشتی بێدۆنیان بەلاوە خۆش نەبووە، واتا میتافۆرییەکەشی هەر لەو واتایەوە سەرچاوەی گرتووە.

**چەلاوخۆر:** (چەلاو) بە واتای مەرەگەی گۆشت دێت، ئەم وشەیەش وەك میتافۆر بۆ کەسێکی چاوبرسی بەکاردێت، کە هەوڵی ئەوە بدات بەبێ ماندووبوون شت بەدەست بهێنێ و لە حازری بخوات.

**حەوجە :** ئەم وشەیە بە ساڵاچووانی کۆیە بەکاریان هێناوە، واتە (پێویستە)، هەروەها جاران چینی منداڵیش بەکاریان دەهێنا، کە لەیەکتری توڕە دەبوون ، یەکێکیان ئارەزووی ئاشت بوونەوەی هەبووایە، دەیانگوت (حەوجەم بۆوە) یان هەندێکجار وەك پارچە هۆنراوەیەکی خۆش دەیانوت (حەوجە ، حەوجە ، حەوجە ، ژنی ئامیر فەوجە) ، هونەرمەندی گەل مامۆستا تاهیر تۆفیق، وشەی (نەحەوج) واتە (پێویست نییە) ی بەکارهێناوە.

**عەجمینی نییە:** ئۆقرەی نییە .

**شەولەبان:** ئەم دەستەواژەیە ژنانی کۆن بەکاریان دەهێنا، وەك گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی منداڵیان پێ دەترساند . وشە لێکدراوەکە بەم شێوەیە دروست بووە: (شەو + لە + بان) ، واتای ئاسایی ئەم وشەیە (هەر شێك بە شەو لە بان بێت)، واتای خوازراوی وشەکە (گیانلەبەرێکی ئەفسانەییە ).

**ئایشە گێ درێژ** : وشەیەکی تر بووە بۆ ترساندنی منداڵ بەکارهاتووە.

**مەنجەربەکۆر:** وشەیەك بووە ژنان بەکاریان هێناوە بۆ ترساندنی منداڵ .

**فرچکی پێ گرتییە:** فێرە خوییێك بووە.

**بەختەقوونە:** بەختدار.

**خەنی بوو:** خۆشحاڵ بوو.

**ـ هەندێ دەستواژە لە بۆنەی تازیە و ناخۆشیدا، بەکاردەهێندرێن، کە مەبەست لێیان دڵدانەوە و کەمکردنەوە و سوککردنی خەم و ناخۆشیەکەیە :**

**عەت بی و بەس بی:** ژنانی کۆیە، لە تازە بەکاریدەهێنن، ئاوەزمەندیی تێدایە، واتە: کۆتا یی بەو ناخۆشیە بێت، وشەی (عەت) لە وشەی (**حد)**ەوە هاتووە، دوای گۆڕانی دەنگی (**ح**) بە دەنگی (**ع**)، گۆڕانی دەنگی (**د**) بە دەنگی (**ت)**، حەد بی و بەس بی، مەبەست لە وتنی ئەم دەستەواژەیە: ڕاستە ناخۆشیەکەتان گەورەیە، بەڵام تازە ڕووی داوە، بۆیە خەم و پەژارە چارەسەری ناکات، داواکارین، ئەم ناخۆشیە کۆتایی پێ بێت و ناخۆشی تری لە دوا نەیەت، هەروەها کۆمەڵێك دەستەواژەی تریش لەم بۆنەیەدا بەکاردێت (**خوا خەمی دیتان نەداتێ ،خوایە ساتران نەدەی، لۆخۆتان خۆش بن، عومری درێژی لۆ ئەنگۆ بەجێهێشتبی، منداڵەکان خۆش بن ...هتد).**

**ـ هەندێ وشەی تر، کە خەریکە لەبیر دەچنەوە:**

**شەوە :** ئەم وشەیە ش لە کۆندا بەکارهاتووە، منداڵی ساوا ڕەنگی شین بووە و مردووە، گوتوویانە (شەوە بردوویەتییەوە).

**باژەرە: (** منداڵ بن سکی هێشاوە ،ڕەق بووە، وتوویانە باژەرەیەتی، پیرێژن هەنگوین و گەنم و پەلکە توتنیان لێناوە، بۆ منداڵەکە) ، **ڕەفیسك :** (قووڵایی بن ڕان ) ، **تەرۆك** : (سمت ) ، **لینگ و لەتەر** :( قاچ)، **عەشتەبا** :( هیچ شتێکیان نییە ) ، **شەمووڵە**:( داوەل) ، **گەڕەسیسە**:( بە سیسی دەگەڕێ، بە سوکی دەگەڕێ) ، **سەلکە بزۆت** : داری ئاگراوی، کوڵەوژ ، (**زۆڕنا سەقەتە:** (بێچووە چۆلەکە، فەرخە کێشکە) ، **بۆرژان:** (وەنەوز، لەسەر هەست خەوتن ) ، **کەرەباب:** (کەڵەشێر) ، **هەڕوو**:( بڕۆ، بچوو) ، **تیرێژ:** (خەتی کەوا بە درێژیی) ، **هەنگین**:(جاران، ئەو دەمی ) ، **باژێڕ**:( بازاڕ ) ، **باژێڕیی**:واتە: (ڕەشۆکی) ، **فاتە ڕەش: (**سپڵ) ، **عەیشێ و فاتمان**: (پەلکە زێڕینە، کۆلکە زێڕینە) ، **دەبدەبە: (** (میزڵدان) ، **دەلوجە**:( بیبەر ) ، **زێرچەنە:** (خواردنێکە بەسەرەماڵات دەکرێ،ت هماتە و بامیە یان باینجانی تێکەڵ دەکرێ)، **چەلاو:** (شلەو ئاوی گۆشت )، **ئەوحەلە:** ئەوجارە)، (کەکۆن:2014 ،44).

**ئەوکایە : (**ئەوجارەش، بەتایبەتی منداڵ بەکاریاندەهێنا (ئەو کایەش با گەمەکە بکەینەوە) ، **زارهەراش** :( کەسی زۆر بڵی و چەنەباز) ، (**قامت:** ( دەستەك زەلە قامیشە تووتن دەبێتە دەسکە جغارە ) ، **شیشۆق:** (وردە مینا ـ وردە شوشە، مینای

وردی شکاو ) ، **مراك:** (کەوچك) ، **قونجرکە:**( نوقرچ ) ، **قونپانی:** پاژنە پێ )، (کەکۆن:2013 ،44).

( **قوچ وەڕ:** زۆربڵێ

**چیکەنە:** زۆروەڕ

**تیتان:** کەسێکی نەخۆشی لەڕ

**هەرەوەڕ:** زۆر بڵێ

**ڕەش بە دەرەوە** :نهێنی پارێز نییە

**دەرەك:** درۆزن، دەستنوێژی پێ هەڵناگیرێ

**یاغنیش:** گێل، غەشیم)، (حمد، وەلی مەحمود:27 /12 / 2018).

**(گڕنە:** عینادی، عەکس، گڕنەی داگرت، دڕنە: بۆ هەمان واتا بەکاردێت

**ئۆیین:** فێڵ، مەکر (ئاین و ئۆینی زۆر ـ با یەك و دوو ئۆینی دیکە بکەین)

**شتاق:** هیچ کام (لەبن دارەکی دانیشتووم شتاق پەلکی پێوە نییە ـ شتاقتان نەهاتن وئامادە نەبوون)

**سەمەندۆك:** زنجیرە پەت: پەتێك سەگ و تاژی پێ ڕست دەکرێ!

**جغز:** غیرەت، پیاوەتی، دەڵێن بێ جغزە یان جغزی تێدا نییە.

**کۆرا و کۆر:** دەبێت لە کۆڵاوکۆڵەوە هاتبێت، کۆڵی ماڵات، چونکە کە ئاو لە بەست و ڕووبار زۆر دێت دەڵێن (کۆراوکۆر ئاو هاتییە)

**ناهۆزە:** شوان مەڕی زیاتر بێ لە خاوەن مەڕ دەڵێن ناهۆزەیە )، (کەکۆن:2014 ،44).

**(تەشکەبەڕ:** پارچەبەڕ ، **هەڵقوم:** نوقڵ ، **خەلا:** ئاودەست ، **مەستاڕین:** ڕیزبن ، **تەپکە:** تۆڕی ڕاو ، **تاژی:** تانجی ، **پلك:** پور ، **بەرەواژ:** بەپێچەوانەوە ، **لینگەوگۆڕ:** بەپێچەوانەوە ، **گێسك** : گەسك ، **دۆخین:** بەنەخوێن )، (کەکۆن:2014 :44) .

**(تەقەلۆ:** لەبار یەك، لەیەکتر ترازان (هەندەم هەویر شێلایە دەستم لە تەقەلۆ دەرچووە ، **خۆرەچەرە:** جۆرە جنێوێکە (دژوێنێکە) دەوترێت: ( خۆرەچەرەت لێکەوی ) ، **جەمەلۆن (جەمایلۆن) :(** بۆ پێدادان بەکارهاتووە) **، ئۆغربە : ئۆغربی:**( بۆ کێ دەچی ؟ ) ، **پایدۆز (پایدۆست ):** (واتە تەواوی کەن و بڕۆن )

**بێمزەرەت:** ئەمە بۆ چاك وخۆشی کردن وهەواڵپرسین بەکاردێت، تاڕادەیەکی زۆر بەساڵاچووان بەکاری دەهێنن ڕەگوڕیشەی وشەکەش لە (بێ +زەرەر) هاتووە: بێ پێشگرە و بۆ نەفیکردن بەکاردێت واتا (بێ زەرەری)، بە بۆچوونی ئێمە دەنگی (م) بەشێکە لە وشە عەرەبییەکە (مضر) واتە: (بێ مزەرەتی ؟) (چۆنی باشی بێ مزەڕەتی ؟).

**حەمەلیقە** :بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیە بە (ئەمریکا)یان وتووە ( حەمەلیقە)، (مریشکی حەمەلقە) جیاوازبووە لە مریشکە خۆماڵیەکان (ڕەش و سپی بووە، کەمێك گۆشتن بووە ـ مریشکی ئەمەریکا)

**ئەلمۆدە:**جۆرە مریشکێك بووە، ملی ڕووت بووە، ژنیش کە قژی خۆی بڕیوە پێی گوتراوە (ئەلمۆدە)

**قوندە:** بە مریشکی بێ کلك وتراوە قوندە.

ـ هەندێك وشە لە ئێستای زماندا بە مردوو دادەندرێت، وةك: (وشەی (دمۆر) وشەیەکی کۆنە وزۆر بە کەمی بەکاردێت، لەوکاتە بەکاردێت کە کەسێك خاوەخاو لە ئیشکردن بکات، یاخود ئیش و کەسابەت نەکات، یاخود کەسێکی یاخی بێت پێیدەوترێ (دمۆر) (عیسا،هاوژین صلیوە:2009 ،12)

**لە کۆتاییی ئەم بەشەدا چەند سەرنجێك لەسەر فەرهەنگی بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیە دەخەینە ڕوو:**

ـ شاری کۆیە لە مێژوویەکی دوور و درێژدا، شوێنی شاعیرا ن و ڕۆشنبیران بووە، چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیر لەم شارەدا هەڵکەوتوون، هەروەها ناوچەیەکی جوگرافی گرنگی هاتوچۆش بووە، بۆیە ئەم بارو دۆخانە لە وشە و فەرهەنگی زمانی بەساڵاچووانی ئەم ناوچەیەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەر لەبەر ئەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکەش وشە و دەستەواژەی زمانەکانی وەك : عەرەبی و فارسی و تورکی لە فەرهەنگی بەساڵاچووانی ئەم شێوە زارەدا تا ڕادەیەکی باش بەکارهاتووە و بەرچاو دەکەوێت ، وەك :

**وشەی زمانی عەرەبی:**

ئەگەر تێبینی بکەین، کەسە بەساڵاچووەکانی شاری کۆیە، بە ڕادەیەکی زۆر وشەی زمانی عەرەبییان بەکارهێناوە و لە فەرهەنگی زمانەکەیاندا هەبووە، کە ئەمەش بە کاریگەری ئاین و بارودۆخی ڕامیاری وڕۆشنبیری و ئەدەبی و دراوسێیەتی و کۆمەڵایەتی ڕوویداوە، ئەم وشانە بە چەند شێوازێك هاتوونەتە ناو ئەم شێوەزارەوە :

ــ وەرگرتنی بە بی دەستکاری: وشەکان وەك خۆیان وەرگیران بەبی ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕووی دەنگسازیی و مۆرفۆلۆجییەوە هەستی پێ بکرێت، کە ئەمەش زیاتر لە لایەن چینی مەلا و خوێندەوارو شاعیرا ن ڕۆشنبیرانەوە بووە، وەك وشەکانی **(موئەقەف، مۆزەف، موعەلیم، عەمامە، عەبا، موستەعید ،ئیجازە، ئیجار، زەعیفە ،حەیا، ...هتد).**

ــ وەرگرتنی بە دەستکارییەوە: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و لە لایەن چینی بەساڵاچوانی شێوەزاری کۆیە بەکارهاتوون، بەڵام لە ڕووی دەنگ یان وشەسازییەوە گۆڕانیان بەسەر داهاتووە، وەك :

**(تابت:** لە ( ثابت)هوە هاتووە،.

**داکەسێ، داناسەکنێ، داناکاسێ** لە (ساکین) ی عەرەبییەوە هاتووە دوای چەند گۆڕانکارییەك، وشەی (ساکین) لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای ئارامگرتن دێت (عیسا، هاوژین صلیوە،2009 ،12).

وشەی **(داناسەکنێ)** لە زمانی کوردیدا، بەم شێوەیەھ پێکهاتووە : پێشگری (دا)، بە واتای کپکردن و کەمۆڵەکردن و کپ بوون دێت، وەك: دابەزین، داکردن، داتەپین، بە پێچەوانەی پێشگری (هەڵ) کە واتای بەرەو ژوور و بەرەو سەرەوەچوونی شتەکان دەدات، وەك (هەڵچوون)،هەروەها پێشگری (نا) کە واتای نەفیکردن دەدات، بەم شێوەیە دروستبووە :

دا + نا + ساکین ـــــــ داناساکین، مۆرفیمی دۆخی (ێ) یشی چۆتە سەر، کە لەو شێوەزارەدا بوونی هەیە، (داناساکینێ ) دواتر چەند گۆڕانیکی تری بەسەر داهاتووە، (داناسەکنێ ــ داناکاسێ ــ داکەسێ).

**مقەست:** لە (مقص)هوە هاتووە، **تایەر** لە (طاهر)هوە هاتووە **، فاتم** لە (فاطمة )هوە هاتووە ...هتد.

ـ پێش و پاش خستنی کەرەستەکان: هەندێ وشەی تر کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی بەساڵاچووانی شێوەزاری کۆیە، دەنگەکانیان پێش و پاش خراون، بەتایبەتی لەلایەن چینی نەخوێندەوارەوە، وەك: **(جوعمە ــ جومعە ، دەوعەت ـــ دەعوەت ، مەتکەب ـــ مەکتەب، روعب ــ روبع** ...هتد). هەندێك لەمانە بە بەراورد بە زمانی سەرچاوە، واتای پێچەوانە دەدات، بۆنموونە : لە زمانی عەرەبیدا، روبع پارەیە و بەواتی چواریەك دێت، بەڵام روعب بە واتای ترس دێت.

**وشەی فارسی:**
بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسیدا سەر بەیەك بنەماڵە و خێزانە، وشەی هاوبەشیان زۆرە، هەروەها ژمارەیەك وشەش بەهۆکاری دراوسێیەتی و کۆمەڵایەتی و هاتوچۆ و رامیارییەوە، کەوتوونەتە ناو فەرهەنگی بەساڵاچووانی ئەم ناوچەیە، هەرچەندە تاوەکو لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆجی بۆ ئەو وشانە ئەنجام نەدەین ناتوانین بڕیار بدەین، کە بنچینەی وشەکان فارسین یان کوردین لێرەدا، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین: (**ئامانج، سروشت، نایاب، ئەندێشە ....هتد**).

**وشەی تورکی:**
بەهۆکاری ڕامیاری و دراوسێیەتی و جوگرافییەوە، وشەی تورکیش لە فەرهەنگی بەساڵاچوانی شێوەزاری کۆیەدا بەرچاو دەکەوێت، وەك :(**قەرەباڵغ ، قشلە ، قاتر، یاپراغ، دۆڵمە ...هتد**).

**وشەی سریانی:**
بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی شاری کۆیە، لەکۆنەوە تێکەڵاویان لەگەڵ برا مەسیحییەکاندا هەبووە، ژمارەیەك وشەی سریانیش کەوتوونەتە ناو فەرهەنگی بەساڵاچووانی ئەم ناوچەیە :

( **پریقلێ** : کرایەوە )، (کەکۆن:2013، 44).

**قۆقەرە**: پەرداخێکی گەورەیە لە فافۆن دروست دەکرێت، بنچینەی ئەو وشەیە سریانییە، قەرە/ بە زمانی سریانی واتا (کدوو) هەمان شێوەی ئەم پەرداخەی هەیە (عیسا، هاوژین صلیوە، 2018/10/15).

## 4. ئەنجامەکان:

لە کۆتاییدا، دەتوانین چەند ئەنجامێك بخەینەڕوو:

1. شاری کۆیە، یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و خاوەنی کلتور و شارستانیەتی و شێوەزاری تایبەتی خۆیەتی.

2- ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵێکە بۆ پاراستنی وشە و زاراوەکانی چینی بە ساڵاچووان لە فەوتان و لەناوچوون، چونکە ئەگەر تۆمار نەکرێن وردە وردە لە بیردەچنەوە، بۆیە پێویستە تۆمار بکرێن، چونکە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کاروباری سەردەم، دەبنە هۆی پەیدابوونی وشەو زاراوەی تازە لە زماندا، لە هەمان کاتیشدا، دەبنە هۆی لەناچوونی کۆمەڵێک وشەو زاراوەی کۆن.

3- ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە فەرهەنگی باب و باپیرانیان، هەروەها خستنە ڕوو و دەرخستنی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانەکەمانە.

4 ـ هەندێ لەو وشانەی کە بەساڵاچووان بەکاریانهێناون، بەتایبەتی ئەوانەی کە وەرگیراون لە ڕووی دەنگەوە پاش و پێش خراون .

5- لەم لێکۆڵینەوەیەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو وشەو زاراوانەی لە فەرهەنگی بە ساڵاچووانی شێوەزاری کۆیە دا هەیە، بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری وشەو زاراوەکانی ئێستا ڕەسەنن و لەناو زمانەکەوە سەریان هەڵداوە و وەرگیراون، ئەمەش بەهۆی سروشتی ژیانەوە بووە، کە دوور بووە لە کارتێکردنی ژیانی دەرەوە. لەگەڵ بوونی هەندێ وشەی عەرەبی وفارسی و تورکی و سریانی، کە ئەمەش بەچەند هۆکارێکی وەك: ئاینی و ڕامیاری ودراوسێیەتی ...هتد.

6- مێژووی پێکەوە ژیانی ئاینەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕەنگدانەوەی بەسەرفەرهەنگی زمانەوە هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی بەیەکەوە ژیان و گونجاندنی خەڵکی شاری کۆیە، لەگەڵ مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە و ئەوانەی کە لە گەڕەکی دیانان نیشتەجێبوون بەڵگەش بۆ ئەمە خستنە ڕووی هەندێك وشە بوو لە لێکۆڵینەوەکەمان کە لە زمانی سریانیەوە وەرگیرابوون.

## 5. سەرچاوە

### ٥.١ بە زمانی کوردی:

تاهیر، شەهاب شێخ طیب (2014 )، دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

حاجی مارف، ئەورەحمان (1975 )، وشەی زمانی کوردی،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

حمد، یارا قادر ( 2008)، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

حەسەن، مەولود ئیبراهیم (2000)، قەدەغەشکێنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی.

خورشید، غازی عەلی (2012)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

دزەیی ،عەبدولواحید موشیر (2014 )،زمانەوانیی دەروونی،ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،هەولێر .

دزەیی، عەبدوالواحید موشیر (2011)، زارە کوردییەکان، چاپخانەی پاك، چاپی یەکەم، هەولێر.

دزەیی، عەبدوالواحید موشیر (2013)، وشەسازی زمانی کوردی، ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

دلێر، خالید (1958)، کەوای نەکڕایی، چیرۆکێکە بە زمانی کۆیە نوسراوە، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

ڕ.س.ب (2015 )، کۆیی گۆتەنی، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (38 )، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە .

سدیق، فاروق عومەر (2011 )، لەدایکبوونی وشە ،شڤان، چاپی یەکەم ،سلێمانی.

سەعید، یوسف شەریف (2011)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2006 )، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

شوانی، ڕەفیق (2001)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

شێخانی، عەبدولوەهاب (2009)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردید، چاپخانەی خانی، دهۆك.

شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٥)، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، 1900- 2015، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

عبداللە، ڕۆژان نوری ـ صابر، شادان شکر (2017 )، پێکهاتەی زاراوەی پیشە، لە شێوەزاری کۆیەدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە44 .

عەبدولڕەحیم،عوسمان کەریم (2014 )، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

عەلی، جلال مەحمود، (2010)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی سێهەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

عیسا، هاوژین صلیوە (2009 ) فەرهەنگی (وشەی) بەساڵاچوانی کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (12 )، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە.

عەلی، بەکر عومەر __ ئەمین، شێرکۆ حەمە (2006)، زار و شێوە زار ، چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم، سلێمانی.

فتاح، محمد معروف (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە، بەغداد.

محەمەد، مەسعوود ( 2009)، گەشتی ژیانم، چاپی سێهەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، کوردستان

محەمەد، مەسعوود(2011)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

میراودەلی، کەمال (2007)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

نۆردنستام، کریستین، ـ خورشید، غازی عەلی (2009)، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئەمین، شێرکۆ حەمە __شەمس، هێمن عەبدولحەمید (2010)، شێوازی ئاخاوتنی ژن لە کۆیە (تێڕوانینێکی پراگماتیکی)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە

ـــــــ 2013 ، قامتێك لە وشە و دەستەواژەکانی کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە(28)، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە.

ـــــــ 2014 ، قامتێك لە وشە و دەستەواژەکانی کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە(31)، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە.

ـــــــ 2014 ، قامتێك لە وشە و دەستەواژەکانی کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە(32)، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە.

ـــــــ 2014 ، قامتێك لە وشە و دەستەواژەکانی کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە(33)، نوسینگەی کەکۆن، کۆیە.

**٥.٢ بە زمانی عەرەبی :**

إبراهیم، رجب عبدالجواد (2001)، دراسات في الدلالة والمعجم، دار الغریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة.

اسماعیل ،طالب (2010)، محمد، مقدمة لدراسة علم الدلالة، دار کنوز المعرفة العلمیة للنشر و التوزیع، الطبعة الاولی، الاردن.

خرما، نایف ( 1987)، اضواء علی الدراسات اللغویه المعاصر، کویت.

الخولی، محمد علی (2000)، مدخل الی علم اللغه، دار الفلاح للنشر والتوزیع، عمان ـ أردن.

السامرائي، إبراهیم (1983)، التطور اللغوي التاریخی، دار الأندلس، ط3، بیروت.

عیاشی، منذر(2013)، اللسانیات والحظارة مساهمة في علم طرع القظایا و انشاء، الطبعة الاولی، عالم الکتب.

محمد، اسماعیل طالب (2010)، مقدمة لدراسة علم الدلالة، دار کنوز المعرفة العلمیة للنشر و التوزیع، الطبعة الاولی، الاردن.

الوافی، علی عبدالواحد(1971)، اللغه والمجتمع، مطبعة نهضه، قاهیره.

**٥.٣ چاوپێکەوتن:**

حمدامین، بەدری، ژنی ماڵەوە، تەمەن (47 )ساڵ، 14/ 10/ 2018.
فەقێ سەلیم، رزگار، یاریدەدەری پزیشکی، تەمەن (55 ) ساڵ 10/11/ 2018.
حەویز، سەلاح، مامۆستای زانکۆ، تەمەن (58) ساڵ، 10/ 10/ 2018.
ئەحمەد، کەیفی، مامۆستای زانکۆ، تەمەن ( 47 )، 16/ 10/ 2018.
فەقێ سەلیم، نەسرین، یاریدەدەری پزیشکی، تەمەن (50 ) ساڵ 10/14/ 2018. حمدامین، نەجات، مامۆستای خانەنشین، تەمەن (60) ساڵ، 18/ 10/ 2018.
صڵیوە، هاوژین، مامۆستای زانکۆ، تەمەن (40) ساڵ، 15/ 10/ 2018.
شەمس، هێمن عبدالحمید، مامۆستای ،زانکۆ تەمەن (45 ) ساڵ، 9/ 10/ 2018.
حمد، وەلی محمود، مامۆستای زانکۆ، تەمەن (56 )ساڵ، 27/ 12 / 2018.
فتح اللە، پەیمان عبداللە ،مامۆستای ناوەندی، تەمەن (48 )ساڵ، 27 /12/ 2018.

**٥.٤ ینتەرنێت:**

محەمەدی مەحوی، چۆنێتی بەکارهێنانی زمان و www.knnc.net. ئەتەکێتی ئاخاوتن2018/9/2